# ڕۆشنبیر

# دەسەڵات

# ژینگە

ئازاد تۆفیق خەیات

٢٠١٧

- ناوی کتێب: ڕۆشنبیر، دەسەڵات، ژینگە
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: فەلسەفە ولێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەرۆك: مەریوان قەفتان
- تایپ وهەڵەبڕیی: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: دیاری ئیسماعیل
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: ناوەندی سارا
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

- لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٧٤٠)ی ساڵی ( ٢٠١٧)ی پێدراوە.

سەرپەرشتیاری چاپ

مەریوان قەفتان

**له بلاّوكراوەكانی :**

**پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبلاّوكردنەوە**

**ناوەندی ئالْمان وكورد بۆ پێكەوەژیان — ناوەندی كولتوریی كورد**

**نۆرنبێرگ – ئالْمانیا**

# سوپاس وپێزانین

زۆر سوپاس بۆ پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبلاٌوکردنەوە

زۆر سوپاسی بەڕێز (نەوزاد قەفتان) دەکەم بۆ لەئەستۆگرتنی تێچووی لەچاپدانی ئەم کتێبە

دەمەوێ لە کانگای دڵمەوە، زۆر سوپاسی کاك (مەریوان قەفتان) وهەموو ئەو بەڕێزانە بکەم، کە هاوکارم بوون لە بەچاپگەیاندنی ئەم بابەتەدا، جارێکیتر سوپاسیان دەکەم.

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ........................................................................................

پێشكەش ..........................................................................................

پێشگۆتن ..........................................................................................

سەرەتا .............................................................................................

**تەوەری یەكەم/** ............................................................................

پێناسەی ڕۆشنبیر

پێناسەی ڕۆشنبیری

پۆلێنی ڕۆشنبیر

ڕۆشنبیر وشوناس

**تەوەری دووەم/** ....................................................................

چەمكی دەسەلاّت

كارلێكی ڕۆشنبیر ودەسەلاّت

**تەوەری سێیەم/** ......................................................................

چەمكی دیٚمۆكراسی

چەمكی ئازادی

**چەمکی فرەیی**

**ڕۆشنبیر وداکەوتی ژینگەی هەرێم**

**تەوەری چوارەم/** ................................................................................

**چەمکی لێکبوردن**

**ئەوەی ڕۆشنبیری کورد پێویستە بیکات**

**ئەنجامگیری** ................................................................................

**سەرچاوەکان** ................................................................................

# پێشکەش

**پێشکەشە بە هەموو ڕۆشنبیرێکی بیر ڕۆشن**

# پێشگۆتن

سۆسیۆلۆژیستی عێراقی، عەلی وەردی، لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانیدا، ئاماژە بە جیاوازی نێوان کەسی ڕۆشنبیر وکەسی خوێندەوار دەکات. ناوبراو، دەڵێ جیاوازییەکی بەرین لە نێوانیاندا هەیە، بەوەی خوێندەوار ئەو کەسەیە کە فێری زۆر شت دەبێ، بەڵام هەرگیز لەو چوارچێوە فیکرییەی لە منداڵییەوە لەسەری ڕاهاتووە، دەرناچێ. بەمەش، هیچ شتێکی ئەوتۆ بۆ زانست زیاد ناکات، بێجگەلە زانیارییەکی کورتبین وبەرتەسك بۆ ڕوانگەی خۆی. چونکە، شێلگیرانە بەدوای زانیارییەکدا دەگەڕێ کە ئارەزووی لێیە، یاخود تەواوکەری بیروبۆچوونە دۆگماکانیەتی. بەڵام، ڕۆشنبیر، ئەو کەسەیە کە نەرمی لە بیروبۆچوونیدا هەیە، وخوازیاری وەرگرتن وفێربوونی هەر بیرۆکەیەکی زانستیی نوێیە، تا بە سەرنج وتێڕوانینەکانی خۆی، تیشك بخاتە سەری وڕاستییەکانی تێدا بخاتە ڕوو. لە کۆتاییدا، ناوبراو نیگەرانیی خۆی لەوە دەردەبڕێت، کە ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەی خوێندەواری زۆرە وڕۆشنبیری کەمە.

ئەم بۆچوونەی عەلی وەردی، جەختکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەو هەقیقەتەیە، کە مەرج نییە هەموو خاوەن بڕوانامە باڵاکان، ڕۆشنبیربن. هەروەك چۆن مەرج نییە، ئەوەی مەعریفە وزانیاری بەدەستهێنا، یاخود بزانێ بنووسێ وزۆر بخوێنێتەوە، ڕۆشنبیربێ. بە پێچەوانەوە، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، بەوانە دەگوترێ کە روئیایەکی کراوە وهزرێکی ئاوەزمەندانەیان لەبۆ بابەتگەلێ هەیە، میتۆدی ڕەخنەیی زانستیی بەسەر هەموو بەڵگەنەویستەکان وبۆچوونە نەریتیی وباوەکانی کۆمەڵگە پراکتیزە دەکەن. هەموو زانیارییەکی پێشینان، جۆماڵ وهەموو تابۆی پیرۆزییەکی تۆز لێنیشتووی یاساغ، شەن وکەو دەکەن. لە بەرانبەردا، بیروبۆچوونیان دۆگما نییە، ودیماگۆجییانە کۆمەڵگا فریو نادەن. هەردەم، ڕاڤە وشیکاریی زانستییان ئامادەیە، دێکارتییانە گومان دەکەن وسوکراتییانە زانیاری هەڵدەهێنجن. هەموو ئەمانەش، بە پشتبەستن بە ئەقڵ وژیربێژی وڕاستی بەڵگەنەویست، دوور لە کۆتی هزری وسۆزی کوێرانە.

ئازاد تۆفیق خەیات

بەهاری ٢٠١٧

سلێمانی

## سەرەتا

ئەم بابەتە وەك لێکۆڵینەوەیەك، بە شێوەیەکی ئەکادیمی چەشەکراو بە ڕەخنەگرتن، باس لە چەمك وپێناسەی ڕۆشنبیر وڕۆشنبیری وهەموو ئەو بابەت وزانیارییانەی تایبەتن پێوەی، دەکات. هەڵبەت، ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە، بێجگەلە ئەم پێشگۆتنە، چوار تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێ:

لە تەوەری یەکەمدا، ئەوەی مەبەستمە بیخەمە ڕوو، بێجگەلە کۆمەڵە چەمك وپێناسەیەك کە بۆ بابەتەکە وەك سەرەتایەکی پێویست ودەستپێشخەرییەك وایە، چەمك وکرۆکی کەسی ڕۆشنبیرە لە ڕوانگەی هیومانیزم وپراگماتیزم وئەپستمۆلۆژی وئۆنتۆلۆژییەوە. واتە، هەڵسەنگاندنی ئەوەی پێی دەگوترێ ڕووناکبیر، لە ڕووی مرۆڤدۆستی وسوودگەرایی ومەعریفی وبوونەوە. ئەوجا، گەر ئەوانەی ئاماژەم پێدا، تەنها بە بەری خۆی بالأپۆش بێ، ئەوە گرامشی وتەنی، ڕۆشنبیرێکی ئۆرگانیی هەلپەرستی بێفەڕە. خۆ ئەگەر، لە پێناو بالأپۆشیی کۆمەڵگای مرۆییدا بوو، بێشك وەکی هادی عەلەوی ئاماژەی پێدابوو، بە ڕۆشنبیرێکی گەردوونی ناوزەد دەکرێت.

ڕۆشنبیر، ئەو بیرمەندەیە، کە زیرەکی ولێوەشاوەیی وبیری ڕەخنەگرانەی خۆی بە شێوەی کارامەیی یاخود کەسیی بەکاردەهێنێ، لەبۆ چارەسەرکردنی کێشەگەلی کۆمەڵگاکەی. لینین وتەنی: "ڕۆشنبیر، تەنها لە ڕێی باشترین وتازەترین ئایدیۆلۆژیا وتیۆرەی پێشکەوتوخوازەوە، دەتوانێ کارەکەی جێبەجێ بکات." واتە، لەڕێی ڕۆشنبیری، بە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە. بێگومان، زاراوەی ڕۆشنبیری، وەك ئێدوارد تایلۆر کە باشترین پێناسەی بۆکردووە، ئەوەیە کە لە فراوانترین مانایدا، پێکهاتەیەکی گشتە، مەعریفە وبیروباوەڕ وهونەر وئاکار ویاسا ونەریت وتوانا وترادسیۆنەکانی مرۆڤ، وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگا، لەخۆدەگرێ. دیارە، تایلۆر، بابەتی ڕۆشنبیری وژیاری لە یەك تای تەرازوودا کۆکردووەتەوە، بەمانای بەرزڕاگرتنی ڕۆشنبیری تا ئاستی شارستانییەت.

جێی ئاماژەپێکردنە، گرامشی هەردەم دەیگوت: هەموو کەس ڕۆشنبیرە، بەلأم هەموو کەس کاری ڕۆشنبیری ناکات ودەرفەتی ئەو کارەی بۆ ناڕەخسێ. ئەمەش، سەرەتایەك بوو بۆ پۆلێنکردنی بیرمەندان، بۆ ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی وتەقلیدی. بە بڕوای ناوبراو، گرووپی یەکەم، ئەوانەن کە بەتوانا وکارامەیی خۆیان لە بواری خۆیان وچینی خۆیاندا کار دەکەن، یاخود لە ترۆپکی چینی دەسەلأتدار نزیك دەبنەوە، ولە نێوکۆ وڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە، داکۆکی لە بەرژەوەندی چینی خۆیان یاخود توێژی دەسەلأت دەکەن، ئەوەش سوودگەراییەکی دوو سەرەیە. هەرچەندە، چ گرامشی چ

لینین، بڕوایان وابوو کە ڕۆشنبیر چینی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو لە نێوان چینەکاندا دێن ودەچن. هەڵوێستی ئەم گرووپە، لە وەسفکردنەکەی لینین نزیکمان دەخاتەوە، کە وتبووی: "ڕۆشنبیران بەتواناترین کەسن لە ناپاکیدا، لەبەرئەوەی بەتواناترین کەسیشن لە پاکانەهێنانەوەدا."

هەرچی گرووپی دووەمە، وێڕای دوورەپەرێزی لە بەرژەوەندی وململانێ وئاریشەی نێو کۆمەڵگا، سەرسەختانە داکۆکی لە بێلایەنی وسەربەخۆبوونی خۆیان دەکەن. نموونەی ئەمانە، مامۆستایان، پیاوانی ئایینیی، بەڕێوەبەران وکارمەندانی بوارە جیاجیاکان، کە کارەکانیان لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکیتر بەردەوام دەبێ. ئەمانە، هەرگیز نابنە داردەستی دەسەڵات، بەڵکو وێڕای ئەوەی لێهاتوو وکارامە وئەکادیمیستن، گەر پێویستیش بکات ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن. ئەمەش، ئەو بەشە لە خۆیی دەگرێ، کە پێی دەگوترێ پۆلێنی ڕۆشنبیران. ئەوجا بە بڕوای بیرمەندان، دەسەڵاتی سیاسی بە مانا نێگەتیڤەکەی، باشترین پێوەرە بۆ پۆلێن وکێشانەکردنی ڕۆشنبیر. ئەمە سەرباری ئەوەی، ناکرێ وناشێ، ڕۆشنبیر شوناسێکی تایبەت بە خۆی ببەخشێ. لەبەرئەوەی، بەخشینی شوناس، یاخود چەمکی شوناس، ناتەبایە لەگەڵ چەمکی پلورالیزم وفرەیی وجیاوازی، کە تایبەتن بە سەردەمی پۆست مۆدێرن.

شتێکی بەڵگە نەویستە، کە هەردەم ڕۆشنبیر وڕۆشنبیری، لەگەڵ ژینگەی چواردەوریدا کارلێك دەکات. واتە، کارلێك لەگەڵ تاك، چینەکانی کۆمەڵ، ئایدیۆلۆژیا وبوارگەلی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری، سیستم، دواجاریش دەسەڵات. وەلێ، هەلومەرجی گەل ودەسەڵات، باشترین پێوەر وقوتابخانەیە لەبۆ تێگەیشتن وئەزموونکردنی ڕۆشنبیر. ئەمەش، کرۆك وبابەتی تەوەری دووەمە. واتە، لەم بەشەدا، سەرباری ئەوەی چەمکی دەسەڵات بە مانا ئەرێنی ونەرێنییەکەی خراوەتە ڕوو، وە باس لە دەسەڵاتی سیاسی ڕەوا وناڕەوا کراوە، وەلێ ئەو بەریەککەوتن وهەڵچوون وکارلێکانەش باس وخواس کراوە، کە تیایدا ڕۆشنبیر بە ڕۆشنبیری خۆی، ئەسپی خۆیی تێدا تاو دەدات.

لە تەوەری سێیەمدا، باس لە چەمکگەلی دیمۆکراسی، ئازادی، فرەیی یاخود پلورالیزم کراوە. پاشان، باس لە ڕۆشنبیر وداکەوتی ژینگەی هەرێم کراوە. پاژێکی تایبەتیش، بۆ ژینگەی سیاسی وداکەوتی ئێستای هەرێم تەرخان کراوە. گولەوەچنەی مەبەست، ئەوەیە کە ژینگەی هەرێم ودەسەڵاتەکەی لە ڕووی دروستییەوە، تا چەند لەگەڵ پێوەری ستانداردا دێنەوە؟ ئایا، ڕۆڵ وتێگە وپێگەی ڕۆشنبیری کورد بە کوێ گەیشتووە؟ مەریوان وتەنی: لەم سەروبەندەدا، سیانەی کەرامەت

داگیرکاری خەباتی نیشتمانی، لە ڕووی دیالێکتیکەوە ڕەوایی وەردەگریٚ؟ پاشان، چەمکی ڕەخنە وتوندوتیژی، چ ڕۆڵێکی هەیە لە نێوکۆی ڕۆشنبیریی کوردیدا؟

دواجار ولە تەوەرێکی تایبەتدا، باس لە چەمکی لێکبوردەیی وئەوەی ڕۆشنبیری کورد پێویستە لەسەری بیکات، خراوەتە ڕوو. ئینجا، باس لە هۆکاری فەراهەمنەبوونی شۆڕشی سیاسی لە مێژووی کوردستان کراوە، وبۆچی بزاوت وفەلسەفەی مێژوو، هیگلٚ وتەنی، لە کوردستان بە دوا مەنزڵگە نەگەیشتووە؟ ئاماژە بە پێویستبوونی ڕیفۆرمی ئایینی کراوە، تا بەهۆیەوە شۆڕشی فیکری بخوڵقیٚ. وەلیٚ، ئەوەش زۆر کاریگەر وپێویستە، لەبۆ شۆڕشی سیاسی وچێکردنی ئایندە ودەوڵەتی کوردی. هەڵبەت، هەڵوێست وڕەسەنایەتی ڕۆشنبیر وکاریگەریی ڕۆشنبیری، گرنتی ومسۆگەرکردنی هەموو هەوڵێکی گەلی کوردە.

لە کۆتاییدا، لێکۆڵینەوەکە، بە ئەنجامگیری وڕیزبەندی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

## تەوەری یەکەم:-

## نیچەی فەیلەسووف دەفەرموێ: "جورئەت بکە، ببیت بەوەی کە هەیت"

## پێناسەی ڕۆشنبیر:

وشەی ڕۆشنبیر یان ڕووناکبیر، وەرگێڕدراوی وشەی ئینگلیزی intellectualە، کە بەرانبەر وشەی ڕووناکبیری فەرەنسی intellectuelە. هەڵبەت، ڕەگ وڕیشەی ئەم دوو وشە ئینگلیزی وفەرەنسییەش، بۆ وشەی لاتینی intellegere، کە بە مانای بیرکردنەوە یا تێگەیشتنی گشتی دەگەڕێتەوە. چەمکی intellectual وەك خەسڵەت، مانای ژیرییە، لە بەرانبەر هەست وسۆزدا. ئەم وشەیە، لە پێگەی ناودا، کەسی بەهرەمەند لە هۆش وئاوەز وکارامەیی دەگەیەنێ. تا سەدەی نۆزدە، بە کۆمەڵێکی تایبەت ناگوترێ ڕۆشنبیر، بەڵام وردە وردە لە مانای گشتیدا سەرهەڵدەدات. دواجار، ڕۆشنبیر یان ڕووناکبیر، ئەو کەسەیە کە لە کاری فیکری وزەینی دەکۆڵێتەوە. [١]

ئەم زاراوەیە، یەکەمجار لە ساڵی (١٨٦٠ن) لە ڕووسیا بەو کەسانە دەگوترا، کە لە زانکۆکاندا خوێندبوویان وبیروبۆچوونێکی ڕەخنەگرانەیان بەرانبەر بە بەها نەریتییەکان هەبوو. [٢] لە دونیای ئەمڕۆدا، ڕووناکبیر یان ڕۆشنبیر، ئەو ئیلیەتە دیارەی نێو کۆمەڵگایە، کە وەك پێناسەیەکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، وچەمکێکی گرنگ وهەستیاری نێو دونیای مۆدێرنەیە. هاوکات، وەك زۆرێك لە چەمکە مۆدێرنەکانی دی، لە ئەوروپا ولەو کلتوورەوە سەریهەڵداوە کە بە کلتووری خۆرئاوا

---

[١] ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٥)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی باسە- سلێمانی، هاوینی ٢٠١٢، ل ٢٣٣

[٢] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٢٩

ناسراوە. وردتر، ئەتوانین بڵێین، لە دوای کێشەی دادگاییکردنەکەی (درایفۆس)ەوە، * ئەم چەمکە ڕۆڵێکیتری پێبەخشراوە ومانایەکیتری لەخۆ گرتووە. [1]

ڕۆشنبیر، بە کەسێك دەوترێت کە هزر وتێفکرینێکی ئاوەزمەندانەی هەبێ، وپێگەیەکی کۆمەڵایەتی وەهای هەبێ کە لە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی جیابکاتەوە، وێڕای هەڵوێستی مرۆڤانە، ڕەخنەگرانە، تازەگەریی وهەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی. واتە، ڕۆشنبیر، ئەو کەسە لێزانەیە کە کارتیاکردن (ممارسە) لە کاری زەینیی وبیرکردنەوەدا دەکات، وئەدەب وزانست وهونەر وداهێنانی تەکنۆلۆژی بەرهەمدێنێ. ڕۆشنبیر یاخود هزرڤان، مەبەست لەو کەسەیە کە بیری ڕەخنەگرانە وسەلیقە وزیرەکی خۆی لەبۆ چارەسەرکردنی کێشەگەلێك بەکاربهێنێ. ڕۆشنبیر، هەردەم هۆشمەندە بەرانبەر بە کۆمەڵگا، وهەوڵ دەدات بیرۆکە وشرۆڤەی نوێ بۆ ئاریشەکان بدۆزێتەوە. سەرباری ئەوەی، تا ئاستێکی بەرز، چاند وڕۆشنبیری ومەعریفەی لە بواری هونەر وئەدەب وئابووری وکۆمەڵایەتی وڕامیاریدا هەیە. وەڵێ، ڕۆشنبیران، هەردەم بە دەستەبژێری کۆمەڵگا ناوزەدکراون، گەر بواریشیان بۆ بڕەخسێ، وڵات بەرەوپێش دەبەن. [2]

ڕاستە، ڕۆشنبیر ئەو کەسە نییە کە ڕۆشنبیری دەدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی بەبێ ئەویش هەر هەیە، بەڵام ڕۆشنبیر ئەو بکەرەیە کە ڕۆشنبیری لە قۆناغی خامۆشییەوە بۆ جووڵە دەگوازێتەوە. ئەوجا، گەر ڕۆشنبیریی دروست، لە هەناوی خۆیدا پارێزگاری لە بوون ومانەوەی خۆی بکات، داخۆ ڕۆڵی کەسی ڕۆشنبیر دەبێ چیبێ؟ هەڵبەت، وەڵامی ئەم پرسیارە، ئەوەیە کە ڕۆشنبیر گرنگترین مەرجی خستنەڕووی ڕۆشنبیرییە، هەرگیز ڕۆشنبیری بەبێ ڕۆشنبیر ڕووناکی نابینێ. دیارە، هەرچی بەها وچەمك وبیروباوەڕ وداتا وفەلسەفە وئاکار وهەموو خەسڵەت وپێکهاتەکانی ڕۆشنبیرییە، وەکی

* ئەلفرێد درایفۆس: ئەفسەرێکی جووی فەرەنسی بوو، ساڵی (١٨٩٤ز) لە پاریس تۆمەتبارکرا بە سیخوڕی بۆ ئەڵمانیا، بەڵام بەهۆی کەسوکارەکەی وکەسانی ڕۆشنفیکر وڕۆشنبیری ئەو دەمەی پاریسەوە، بەتایبەت (ئیمیل زۆلا)، بەیانێکی ناڕەزاییان ئاڕاستەی دادگای باڵا کرد بە ناوی (بەیانی ڕۆشنبیران)، کە تەواوی تۆمەتەکانیان ڕەتکردبوەوە. پاش پێداچوونەوە بە کەیسەکەدا، دواجار دادگا بڕیاری بێتاوانی وئازادکردنی دریڤۆسی دەرکرد.

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٩)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٤٤

[2] مثقف: ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠١٦، www. arz.wikipedia.org

**وێنەیەکی داماڵراوی زەینیی دەمێننەوە، گەر لە دنیای واقیع وبینراودا دەرنەکەون ولە شتگەلێکی ڕاستەقینەی ماتریاڵی کردارەکیدا بەرجەستە نەبن.** [1]

**هەرچەندە، زۆرێك لە فەیلەسووف وبیرمەندان ئاماژە وپێناسەی کەسی ڕۆشنبیریان کردووە، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە پێناسەی چەند کەسایەتییەکیان دەدەین. لەوانە، زانای مرۆڤناس، ئێدوارد تایلۆر، کە وتبووی: کەسی ڕۆشنبیر، وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگا، مەعریفە وهونەر وئاکار وبیروباوەڕ وداب ونەریت وتوانا مرۆییەکان بەدەست دێنێ.** [2] **ئەم گرووپە، هەندێکجار بە (چینی ناوەڕاستی نوێ) ناودەبرێن. بیرمەند، ڕایت میلز، بە (ئێخە سپی) ناویدەبردن. کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئالان تۆرین، گرووپەکانی ناو چینی ناوەڕاستی نوێ، وەك تەکنیکاران، بەڕێوەبەران، ئەندازیاران، کارمەندانی پسپۆڕ لە کەرتی گشتی وپیشەسازی تایبەتدا، وەك بەشێك لە (چینی کرێکاری نوێ) دەناسێنێ.** [3]

**شایانی باسە، لای مارکسی فەیلەسووف وئابووریناس، هاوشێوەی بیرمەندانی کۆمۆنیزم، ڕۆشنبیر ڕەهەندێکی ڕەخنەگریی وشۆڕشگێڕانە وەردەگرێ، بەوەی ڕۆشنبیر پێویستە ڕەخنەی توند لە هەموو شتەکان بگرێ، بەبێ پەشیمانبوونەوە لەو هەڵوێستە ڕەخنەییەی ولە هەر دەرەنجامێك کە تووشی دەبێ، تەنانەت لە هەر ململانێیەك کە لەگەڵ دەسەڵاتدا دووچاری دەبێ.** [4] **مارکس، لە مانیفێستۆی کۆمۆنیستدا، ڕۆشنبیرەکان بە بەشێك لە بۆرژوا دادەنێ کە خۆیان بە چینی کرێکارەوە هەڵدەواسن وڕێگایان نیشان دەدەن.** [5] **تیۆرساز وشۆڕشگێڕی کۆمۆنیستیش، لینین، وای دەبینی کە ڕۆشنبیر چینی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو لە نێوان چینەکاندا دێت ودەچێ. لە منداڵدانی بزوتنەوەی ئابووری چینەکانەوە هاتووەتە دەر، بەڵام دواجار لێی جیابووەتەوە وکار لە ئایدیۆلۆژیای هیچ چینێکیشدا ناکات.** [6] **هەروەها، کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ماکس ڤێیبەر، ئاماژەی**

---

[1] **عباس النوري: تعریف المثقف والثقافة، مؤسسة النور، ٢٠/١١/٢٠٠٧،** www.alnoor.se

[2] **حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠١٢، ص ٨**

[3] **نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١١)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٥**

[4] **مصطفى العوزي: مفهوم المثقف من البناء الى التطور التاريخي، مكتبة ثقافات، ٢٠١٧،** thaqafat.com

[5] **فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٩**

[6] **حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، مصدر سابق، ص ١٠٤**

بەوە دەدا کە توێژێکی سنووردارن لە بۆشایی جیهانێکی بێ کۆتاییدا، ولە ڕووی ماناوە هەژار کەوتوون. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم توێژە جۆرێك لە واتا وڕێنوێنی بە مرۆڤایەتی دەبەخشن. [١]

بیرمەند وشۆڕشگێری ئیتالی، ئەنتۆنیۆ گرامشی، کاتێك لە نێو زیندانی فاشیزمدا دەبێ، جوانترین پێناسە وپۆلێنی ڕۆشنبیر لە دووتوێی "یاداشتەکانی زیندان"دا دەنووسێ، کە دە ساڵ پاش مەرگی، چاپ وبڵاو دەکرێتەوە. گرامشی، مەبەستییەتی ئەوە لە خەڵکی بگەیەنێ، کە ئەوانەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەبینن لە کۆمەڵگادا، دەبن بە دوو گرووپەوە: گرووپی یەکەم، ڕۆشنبیرانی تەقلیدین، وەکو مامۆستایان، قەشەکان، بەڕێوەبەران وکارمەندان، کە کارەکانیان لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکیتر بەردەوام دەبێ. گرووپی دووەمیش، ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیکن، کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ ئەو چینە یا پێکهاتانەی کە ڕۆشنبیرانیان بۆ ڕێکخستنی خواستەکانیان وبەدەستهێنانی دەسەڵات بەکارهێناوە. [٢] ناوبراو، جەختی لەوەش کردبووەوە کە ڕۆشنبیران هاوشێوەی چیمەنتۆی ئۆرگانین، لە پێکەوەبەستنی بونیادی کۆمەڵایەتی وبونیادی سەرخان، کە یارمەتیدەر دەبێ لە پێکهێنانی بارستەیەکی مێژوویی. وەلێ، ئامارەی بەوەش دابوو کە کاری سەرەکی ڕۆشنبیر، بڵاوکردنەوە وداکۆکیکردنە لە ڕوانگە وبیروبۆچوونە چینایەتییەکان بۆ جیهان. [٣]

بە پێی پێناسەکەی ناوبراو، هەموو چینەکانی گەل، خاوەنی گرووپی ڕووناکبیری تایبەت بە خۆیانن. بەمانای، ئەگەر کەسێك لە بەرەوپێشبردنی زانستی کشتوکاڵی، بەڕێوەبردن، ئەندازیاری، کیمیاییدا چالاکی بنوێنێ، دەبێ بە ڕۆشنبیر دابنرێ. ئەم پێناسەیە، لە ئەدەبیاتی مارکسیزمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، قبووڵکراو بوو. [٤]

فەیلەسووفی بوونگەرایی، ژان پۆڵ سارتەر، پێناسەی ڕووناکبیری کردبوو، بەوەی مرۆڤێکە خۆی لە هەموو شتێك هەڵدەقورتێنێ ولووت لە هەمووشتێك کە پەیوەندی بەوەوە نییە، وەردەدات. [٥]

---

[١] دیفید انغلیز، جون هیوسون: مدخل الی سوسیولوجیا الثقافة، ت: لما نصیر، الطبعة الاولی، المرکز العربي للابحاث ودراسة السیاسات– بیروت، آذار / مارس ٢٠١٣، ص ٤٨

[٢] چەند وێستگەیەکی فیکری وئەدەبی: و: ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٣٩

[٣] حسین العودات: المثقف العربي والحاکم، مصدر سابق، ص ٤٤

[٤] ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٦)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢، ل ٢٤٢

[٥] فضل سلیمان: هل انت مثقف،هل لك دور؟، أمد للاعلام، ٣٠/ ٨/ ٢٠١٦، www.amad.ps

له لایەکیترەوە، بیرمەندی ئەڵمانی، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، کاتێك باسی کەسی ڕۆشنبیری دەکرد، پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە ڕۆڵی مێژوویی لە ئابووری سیاسیدا ببینێ. بەمەش، ئەو فەلسەفە تەقلیدییەی گرنگی بە کارتیاکردنی سیاسی نەدەدا، تێیدەپەڕاند. ناوبراو، ئەوەشی بە پێویست دەزانی، کە ڕۆشنبیر پێویستە هەستی بەرپرسیاریەتی لە بەرانبەر ڕووداوەکانی کۆمەڵگا هەبێ، وهاوکاربێ لە پێکهێنان وبەرچاوڕوونیی وێنەیەکی گەشی ئاییندەی کۆمەڵەگا.[1]

دواجار، بە بڕوای بیرمەند ئێدوارد سەعید، ڕۆشنبیر، کەسێکە بوونی بە هەستی ڕەخنەییەوە پابەستە، هەستێك کە هەرگیز وتەی داڕێژراوی سادە وساکار پەسەند ناکات، یاخود بیرۆکەی ئامادەکراو یان بەڵگەی سەلمێندراوی ئاسان. لەبەرئەوە، پەیامی ڕۆشنبیر، پارێزگاریکردنە لە حاڵەتی ئاگاداری بەردەوام.[2]

## پێناسەی ڕۆشنبیری :

پاش ئەوەی توانیمان پێناسەگەلێك بۆ کەسی ڕۆشنبیر بخەینەڕوو، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە گرنگی وچییەتی پیشە وکارەکەشی بخەینەڕوو. بەمانای، چییەتی زاراوەی ڕۆشنبیری تاوتوێ وشیبکەینەوە، مەبەستەکانی بخەینەڕوو، کاریگەری وگرنگی ڕۆشنبیری وەك پێکهاتە وگشتێك بۆ خودی ڕۆشنبیر وکۆمەڵگا ومرۆڤایەتی بخەینەڕوو. سەرباری ئەوەی، ئەو گشتە مەعریفییە، لە ڕووی ئەپستمۆلۆژییەوە چ کاریگەرییەکی دیالێکتیکانەی لەسەر ئاوەزی مرۆڤەکان هەبووە وهەیە.

لەم ڕووەوە، فەیلەسووفی ئایدیاڵیزم، هیگڵ، هەروەك هێردەری فەیلەسووف، وای دەبینی کە کۆمەڵگا بەرهەمی ڕۆشنبیرییەکی ناوازەیە. هیگڵ، لەو بڕوایەدابوو کە ڕۆشنبیری وەك هزرگەل، خوڵقێنەر وبکەری سەرەکییە لە ژیانی هەر کۆمەڵگایەك، هەرچی هۆکاری سیاسی وئابوورییە، بەو شێوەیەی نەدەبینی. بەڵام، مارکس، بە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی هیگڵ وسووربوون لەسەر ئاوەژووکردنی فەلسەفەی ئایدیاڵیزمی ئەو، وە لە نێوکۆی میتۆدی ماتریاڵیزمی مێژووییەوە، وای

[1] محاضرات في علم الاجتماع– ثيودور فون ادورنو، ت: جورج كتورة، منتدى مكتبة الاسكندرية، ٦/ ٣/ ٢٠١١، alexandra.ahlamontada.com

[2] حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠١٢، ص ٢٧

دەبینی کە خودی کۆمەڵگا ڕۆشنبیری بەرهەم دێنیّ، نەك ڕۆشنبیری بەرپرسبیّ لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا. [1]

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دوای ئەوەی ڕۆشنبیرە جووە مارکسیستەکانی قوتابخانەی فیکریی فرانکفۆرت، لە ترسی دەسەڵاتی نازییەکان ئەڵمانیایان بەجێهێشت وڕوویان لە تاراوگە کرد، هەردوو فەیلەسووف، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ وماکس هۆرکهایمەر، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوا وێزگەیان بوو. سەرباری ئەوەی ئەمریکا پەناگەی ئەوان دەبیّ، بەڵام بەلایانەوە خاکی خەونەکان ودێمۆکراسیەت نەبوو. ئەم حاڵەتە، وای لەم دوو فەیلەسووفە کرد کە دواتر لە کتێبێکی هاوبەش بە ناوی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری)، دەستەواژەی (دروستکردنی ڕۆشنبیری) دابڕێژن. کۆمەبەستی ئەم زاراوەیە، ڕەنگدانەوەی ڕەشنبینی ناوبراوان بەرانبەر بە واقیع وژیان وڕۆشنبیری وخۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی جیهانی سەرمایەداری بوو. بەبڕوای ئەوان، ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکاندا، لایەنی مرۆیی وڕەسەنایەتی لەدەستداوە. سەرمایەداران، لە ڕێگەی کاریگەریی بەرهەمهێنانی کاڵای ڕۆشنبیری وهونەرییەوە، کۆنترۆڵی کۆمەڵگاکانیان دەکەن وجۆرە ڕۆشنبیرییەکی چینایەتی دوور لە پێوەرە مرۆییەکان پەخش دەکەن، کە هاووڵاتیان چیتر ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە. هەردووکیان، هەستیان بەوە دەکرد کە تاکەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی، بوونەتە ئامێرێك وسڕکراون وپابەندن بە گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانییەکی تاکە کەسیی دروستکراو وڕووکەشی دوور لە مرۆڤایەتی. [2]

بە گەڕانەوە بۆ کرۆکی بابەتەکە، دەکریّ ئاماژە بە هاوڕانەبوونی بۆچوونی توێژەرانی هاوچەرخ، لەبارەی پێناسەی ڕۆشنبیری وناوەڕۆکییەوە بدەین. بەشێکیان، (وەك فەیلەسووفی ئەمریکی، جۆن دیوی)، تەنها یەك پێناسەی بۆ داڕشتووە، بەڵام بەشێکیتریش (وەك توێژەر ومرۆڤناسی بەریتانی، ئێدوارد تایلۆر)، سەدان پێناسەی بۆ داڕشتووە، کە زیاد لە ٢٥٠ پێناسە دەبیّ. بەشێك لەم گەلەپێناسە، لایەنی ئەکادیمی یان تیۆری یا گریمانەیی لەخۆ گرتووە، لە کاتێکدا بەشێکیتری، چارەسەری ئەو گیروگرفتە کردارییانە دەکەن کە پەیوەندییان بە گەشەی کۆمەڵایەتی ومرۆیی وکار وفرمان وئامانجی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. [3] پوختەی ئەو پێناسانەی تایلۆر بۆ ڕۆشنبیری کردوویەتی، ئەوەیە کە بابەتی ڕۆشنبیری یان ژیار کە بە بڕوای ئەو هەردووکیان هاوتای یەکن، لە

---

[1] دیفید انغلیز، جون هیوسون: مدخل الی سوسیولوجیا الثقافة، ت: لما نصیر، مصدر سابق، ص ٣٩

[2] ابراهیم الحیدري: ادورنو وتصنیع الثقافة، جریدة المدی، ١٤/ ١٢/ ٢٠١٣، almadapaper.net

[3] حسین العودات: المثقف العربي والحاکم، مصدر سابق، ص ٤٧

**فراوانترین مانایدا، ئەو پێکهاتە گشتەیە کە مەعریفە وبیروباوەڕ وهونەر وئاکار ویاسا ونەریت وهەموو توانا وترادسیۆنەکانی مرۆڤ، وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگا، لەخۆدەگرێ.[1] لە کاتێکدا، جۆن دیوی، ڕۆشنبیری وەك دەرەنجامی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەیدا دەناسێنێ. بەمانای، دەرەنجامی پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە، کە تیایدا یەکێك لە لایەنەکان، چالاکی مرۆڤە.[2] ئەمەش، لە بۆچوونی زانای بەناوبانگی فیزیك (ئاینشتاین)، نزیکمان دەخاتەوە کە وتبووی: "ڕۆشنبیری، ئەوەیە کە شتێك بزانی لە هەموو شتێك."**

**وەك زانراوە، ژیار، بەرهەمی مرۆییە، کە پەیوەستە بە خەبات وتێکۆشانی مرۆیی وکارگەلی بەردەوام وساتی مێژووییەوە. لە ڕاستیدا، شارستانیەت، لەسەر دوو کۆڵەکەی دیار دادەمەزرێت: کۆڵەکەیەکی ماتریاڵی، کە خۆی لە تەکنۆلۆژیادا دەبینێتەوە، وکۆڵەکەیەکی واتایی، کە لە ڕۆشنبیریدا بەرجەستە دەبێ. ئەوجا بۆ بەدیهێنانی شارستانیەت، ئەنجامی کردەیی وبەرهەمهێنانیی وداهێنانی چڕوپڕ وبەردەوامی بە درێژایی مێژوو پێویستە، لەبۆ چنینەوەی بەروبوومە واتایی وماتریاڵییەکەی. وەلێ، ڕۆشنبیری، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە زانست، هونەر، ئەدەب، بیروباوەڕ، ئایین وبەرهەمە تەکنۆلۆژییەکان. ئەمەش بەو مانایەی، ڕۆشنبیری، داتا وزانیارییە هزری وماتریاڵی وسۆزدارییەکان لەخۆ دەگرێ. هەڵبەت، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: گەر گەلانی سەرەتایی، پشتیان بە سروشت وهێزە ئەفسانەییەکان بەستبێ، ئەوا گەلانی نوێ وشارستانی، پشتیان بە ڕۆشنبیری ولۆگۆس * بەستووە.[3]**

---

[1] **دنيس كوش: مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ت: د. منير السعيداني، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة- بيروت، آذار ٢٠٠٧، ص ٣١**

[2] **حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، مصدر سابق، ص ٢٩**

* **لۆگۆس: وشەیەکی گرنگ وئاڵۆزی گریکییە، ولە بواری فەلسەفە ودەروونناسی وڕەوانبێژی وئاییندا بەکارهاتووە. هیراکلیتس ئەم زاراوەیەی هێناوەتە ناو فەلسەفەی ڕۆژئاواوە بە واتای سەرچاوە وبنەڕەتی بوون ویاسای گەردوونی. زاراوەی لۆگۆس لە فەلسەفەی یۆنانیدا بنەمایەکی ئەقڵانی هەیە وگرێدراوی هێزە فۆرم خوڵقێنەرەکانە. لە فیکری ڕۆژئاوادا لە بواری ئایینیی وفەلسەفیدا بەکارهاتووە ومانای وتار، زمان، وشە، قسە، ئاخاوتن، وتە، ئەقڵی هەمەکی، وشەی خودا بەکارهاتووە.**

[3] **جميل حمداوي: جدلية المثقف والسلطة، ديوان العرب، منبر حر للثقافة والفكر والادب، كانون الثاني ٢٠٠٧،** www.diwanalarab.com

پاش ئەوەی لە ڕووی پێناسەوە، زاراوەی ڕۆشنبیریمان ڕوونکردەوە، ئینجا باشتر وایە مەبەست لە ڕۆشنبیری بخەینە ڕوو، بەوەی پێکدێت لە شێوازگەلێکی فیکری وبەهایی وبیروباوەڕی بلاو، لە نێوان کۆمەڵێك تاکدا. لێرەدا، قەبارەی ئەو کۆمەڵە یان ئەو گروپە گرنگ نییە، واتە لە ڕووی کەمیی وزۆرییەوە، یاخود ئەگەر بەشێك یان تەواوی کۆمەڵگا پێکبهێنن. بەڵکو ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە "ڕۆشنبیری" بەشێکی دانەبڕاوە لە تەواوی ژیانی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە تاکەکان. [1] گەر بتوانین مەبەست لە ڕۆشنبیری بخەینەڕوو، ئەی ئەبێ خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیری خۆی چیبێ، بەتایبەت لە ڕووی زمانەوانی ودەستەواژەییەوە؟

وشەی ڕۆشنبیری، لە ڕووی زمانەوانییەوە وبەپێی شوێنی بەکارهێنانی، ماناگەلێکی زۆر دەبەخشێ، هەروەك کرداری خۆڕۆشنبیرکردن، یان لە فەرهەنگدا بە دانایی، زانایی، سەلیقە، لێزان لە بابەبەتگەلێك دەگەیەنێ. ڕۆشنبیری، وشەیەکی گشتییە وتایبەتمەندی بە چەندین بواری زانستی، هونەریی، ئەدەبی، یاسایی، فەلسەفی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، .... دەبەخشێ.

لە ڕووی چەمکەوە، هەموو ئەو مەعریفە وزانیارییە تیۆری وپسپۆڕی وشارەزاییە زانستییەی مرۆڤ دەگەیەنێ کە بە درێژایی ژیانی بەدەستیهێناوە. دواجار، چۆنیەتی بیرکردنەوە وهەڵوێستی بەرانبەر بە ژیان وکۆمەڵگا وئایین وبەهاکان دەستنیشان دەکات، بە چاوپۆشی لێکردن لە گەلەسەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەو مەعریفە وپسپۆڕییە. ئەوجا، لە ژینگەی چواردەور یاخود لە خوێندنەوە یان لە پێزانین وتێگەیشتنەوە بێ، وە یان لە فێرگە سەرەتایی وئەکادیمییەکان وە یان بە هەر شێوەیەکیتر بێ. [2]

کەواتە، کاتێك باس لە وشەی ڕۆشنبیری دەکەین، دیارە مەبەستەکان وپەیوەستبوونەکان جیاوازن، کە خۆی لە گەشەی تاك یان گەشەی دەستەیەك یا چینێك، وە یاخود گەشەی تەواوی کۆمەڵگایەك دەبینێ. لە ڕاستیدا، ڕۆشنبیری تاك، لەسەر ڕۆشنبیری دەستەیەك یان چینێك وەستاوە، هەروەها ڕۆشنبیری ئەو چینەش لەسەر ڕۆشنبیری تەواوی کۆمەڵ وەستاوە. لەبەرئەوە، هەردەم ڕۆشنبیریی کۆمەڵ بنەڕەتە. لێرەوە ولە نێوکۆی کۆمەڵەوە، مانای وشەی ڕۆشنبیری، ئەو مانایەیە کە دەبێ پێش هەموو شتێك تۆژینەوەی لەسەربکرێ. کاتێکیش وشەی ڕۆشنبیری بەکاردەهێنرێ وەك

---

[1] دیفید انغلیز، جون هیوسون: مدخل الی سوسیولوجیا الثقافة، ت: لما نصیر، مصدر سابق، ص ١٧

[2] تعریف الثقافة لغة واصلاحا: رانیا سنجق، موقع موضوع کوم، ٥/ ینایر/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

هێمایەك بۆ هەڵسوكەوتی بوونەوەرەكان، ئەدی ماناكەی زۆر ئاشكرا وڕوونە. بە ڕەچاوكردنی مێژووی وشەكەش، وەك هێمایەك بۆ شتێك كە مەبەست لێی هۆشیاری تاك لە كاروبار وهەڵسوكەوتی مرۆییدا بێت، هەڵبەت مێژوویەكی درێژی نییە. [1]

## پۆلێنی ڕۆشنبیران:

بێمكووڕیكردن، دەشێت ئارەزوومەندانە پۆلێنی تەواوی ڕۆشنبیران بكرێ. وەكی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ، ڕۆشنبیری ڕیفۆرمخواز، ڕۆشنبیری كۆنزەرڤاتیزم، [2] یا، ڕۆشنبیری ئۆرگانی ونەریتیی، [3] وە یان، ڕۆشنبیری ڕەخنەگری ڕادیكاڵ وڕۆشنبیری ئەخلاقپەرست وڕۆشنبیری كۆلێكتیڤی ڕەخنەگر وڕۆشنبیری تایبەتمەندی بابەتی، [4] یاخود ڕۆشنبیری جیهانیی [5] وزۆرێكیتر. ئەوجا، لە ژێر هەر ناو ونازناوێكی خوازراودا كە بمانەوێت. بەڵام، گرنگ ئەوەیە تا چەند ئەو كارە زانستییە، یاخود بە پێوەری سەردەمییانە ئەنجام دراوە! سەربار، دەكرێت بە شێوەیەكی ساكار وسەردەمییانە دوور لە ئاڵۆزی، پۆلێنی تەواوی ڕۆشنبیران بكەین، بەم جۆرە:

١- ڕۆشنبیری سەر بە دەسەڵات

٢- ڕۆشنبیری نیشتمانپەروەر

٣- ڕۆشنبیری پیشەیی

بێگومان وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەكرێت شێوازیتر وپۆلێنی جیاوازتر بۆ ئەم كارە بگیرێتەبەر، بەڵام گرنگ گەیاندنی پەیامەكەیە بە شێوەیەكی زانستییانە.

---

[1] ت. س. اليوت: ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ت: شكري عياد، الطبعة الاولى، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة دار التنوير- القاهرة، بيروت، تونس، ٢٠١٤، ص ٢٧

[2] عزمي بشارة: عن المثقف والثورة، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات- الدوحة، قطر، مايو ٢٠١٣، ص ١٤

[3] مارك مجدي: أنطونيو غرامشي، المثقف العضوي، موقع اليسار اليوم، ٩/ يونيو/ ٢٠١٦، www. alyasarelyoum.com

[4] ڕەهەند: گۆڤارێكی مانگانەی تیۆریی كولتوورییە، ژمارە (٢)، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوكردنەوەی كتێب، چاپخانەی كارۆ- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢١

[5] چەند وێستگەیەكی فیكری وئەدەبی: و: ئازاد بەرزنجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥

له ڕۆژگاری ئەمڕۆی هەرێمدا، کەم تا زۆر ئەم سێ جۆرەی ڕۆشنبیر بەدیدەکرێ. هەڵبەت یەکەم جۆری ڕۆشنبیر، مەبەست لەوانەیە کە سەر بە پارت وڕێکخراوە سیاسییە لۆکاڵییەکانن، بەڵام بە مانا نێگەتیڤەکەی. یان، باشتر وایە بڵێین ڕۆشنبیرانی سەر بە دەسەڵاتن، کە کار بۆ سەرخستنی پەیامی دەسەڵات دەکەن، ئەوجا لەڕێی نووسین یا دەزگای ڕاگەیاندن یان هەر کۆڕ وکۆمەڵێکەوەبێ. ئەمانە، ویڕای لێزانیی وزانیاری وکارامەیی، گەر دەسەڵاتیش بگۆڕدرێ، هەر لە خولگەی دەسەڵاتدا دەسووڕێنەوە، زۆرینەیان ڕۆشنبیری بێرۆکراسین. وەڵێ ئەو کارەش، لە پێناو دەسکەوتی ماددی یان پلە وپۆست یا هەر سوود وبەرژەوەندییەکی تاکەکەسیدا دەکەن.

زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤێیبەر)، لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی (زانست وسیاسەت وەك پیشە)، [1] باس لە جۆرێکی سیاسەتمەداران دەکات، کە لەگەڵ ئەمجۆرەی ڕۆشنبیراندا یەکانگیر دەبێ. هەرچەندە، مەبەستی ڤێیبەر کەسانی سیاسەتڤانە، بەڵام لە ڕووی بابەتیی وچۆنیەتییەوە، دەکرێت بەسەر ئەم گروپەی ڕۆشنبیراندا بچوێندرێت. ناوبراو لە توێژینەوەکەیدا، باس لە دوو جۆری سیاسەتمەداران دەکات، بەڵام وەك وتم لێرەدا مەبەست لە گرووپی دووەمی سیاسەتوانانە، کە لەگەڵ گرووپی یەکەمی ڕۆشنبیراندا یەکدەگرێتەوە. گروپی دووەمی سیاسەتمەداران، مەبەست لەوانەیە کە بژێوی ژیانیان لەسەر سیاسەتە، ولە دامەزراوە سیاسییەکاندا وەك شارەزا وپسپۆڕ وڕاوێژکار کار دەکەن، ئەمانە زیاتر لە ڕێگەی حزبەکانەوە گەیشتوون بەو پێگەیە. پڕاوپڕ، ئەم ڕوونکردنەوەیەی ناوبراو بەسەر ڕۆشنبیرانی پۆلی یەکەمدا جێبەجێ دەبێ، ئەوانەی بۆ بژێوی وبەرژەوەندی تەسکی حزبی وتاکەکەسی کار دەکەن.

ناوبراو دەڵێ: "سیاسەتکردن وەك پیشە، هەرچەندە ئامانجە دیارەکەی بەجێگەیاندنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگایە لە ڕێگەی ئامڕازگەلی حوکمڕانی وڕێکخستن ونوێنەرایەتیکردنی چینەکانەوە، بەڵام زۆرجار ئەم مەبەستە هەڵدەخلیسکێ بەرەو بەرژەوەندییەکی تەسك، ئەمەش لەپێناو کەسانێك یان دەستە وتاقمێك یان حزبێك. دەرەنجام، کۆمەڵێك قەیران دروست دەبێ، کە دواجار شەرعیەت وڕازیبوونی گەل لە بەرانبەر پیشەوەرانی سیاسەت لەدەست دەدات. زۆربەی کات، ئەوانە پاساو بۆ ئەم کارەیان دێننەوە ولە بەرانبەردا دەستدەکەن بە خستنەڕووی دروشمی بریقەدار

---

[1] ماکس فيبر: العلم والسياسة بوصفهما حرفة، ت: جورج كتورة، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة– بيروت، لبنان، تموز ٢٠١١، ص ٤١

وبەڵێنی درۆ. دواجار، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆیی، وکۆمەڵ وەك كەسانێكی جیاواز لە كۆمەڵگا سەیریان دەكەن." [1]

وێنای ئەوە دەكرێ، كاری ڕۆشنبیرێكی سەر بە دەسەلات، وەكی سیاسەتمەدارێك، هێندە قورس وئاڵۆز وبەرپرسیارانە نەبێ، بەڵام دواجار هەردووكیان لە نێو ماشێنێكی زەبەلاحی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتدا خۆیان دەبیننەوە. ڕاستە، لادانی ڕۆشنبیرێك لە گەیاندنی زانیارییەكی دروست، وەكی كەسێكی سیاسی، كۆمەڵگا تووشی قەیران ودەرەنجامی خراپ ناكات. بەڵام، دواجار بە هەمان شێوە ڕاستگۆیی خۆی ودەسەڵاتەكەشی دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە، بەوەی درۆی لەگەڵ خۆی وچواردەوریدا كردووە. ئەمیش، بەر نەفرەتی وجیاواز لە كۆمەڵ سەیردەكرێ.

وەك وەبیرهێنانەوە، ئەنتۆنیۆ گرامشی، كاتێك باسی لە ڕۆشنبیری ئۆرگانی دەكرد، دەكرێ بەسەر ئەم جۆرەی ڕۆشنبیردا پراكتیزەی بكەین كە ڤێبەر وەك ڕۆشنبیرێكی بەدبەخت وچارە ڕەش ودرۆزن ناوزەدی كردبوو. [2] بەتایبەت، ئەو ڕۆشنبیرە بەتوانا وكارامانەی سەر بە چینی خۆیان یان بە بە ترۆپكی چینی دەسەڵاتدارن، بەوەی ئەوانە لە نێوكۆ وڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە، داكۆكی لە بەرژەوەندی چینی خۆیان یاخود توێژی دەسەلات دەكەن، هەڵبەت بەو مەرجەی لەو توێژە باڵادەستە یان لە سایەی دەسەڵاتدا سوودمەندبن. هەڵوێستی ئەم پۆلەی ڕۆشنبیران، لە وەسفكردنەكەی لینین بۆ ڕۆشنبیر نزیكمان دەخاتەوە، كە وتبووی: "ڕۆشنبیران بەتواناترین كەسن لە ناپاكیدا، لەبەرئەوەی بەتواناترین كەسیشن لە پاكانەهێنانەوەدا." [3]

هەرچی جۆری دووەمە، پێچەوانەی جۆری یەكەمن. ئەمانە، نە لەپێناو بژێوی، نە لە پێناو بەرژەوەندی تەسكی حزبی وكەسیدا كاردەكەن، بەڵكو كەسانی پلە بەرزی خوێندن وئەكادیمیستن، ڕۆشنبیرییان لەسەر بناغەیەكی زانستیی تۆكمە داڕێژراوە، پسپۆڕی بواری خۆیانن. سەرباری كەمییان، بەڵام زۆرینەیان نیشتمانپەروەر، پرۆفیشناڵ، مامۆستای زانكۆ، لێزان وبێلایەنن. هەرگیز كار بۆ حزب (دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن) ناكەن، شەیپوری دەزگاكانی ڕاگەیاندنی حزبەكان نین،

---

[1] السیاسة كمهنة: مغرس، محرك بحث اخباري، ٢/ ١/ ٢٠١٦، www.maghress.com

[2] ماكس فيبر: العلم والسياسة بوصفهما حرفة، ت: جورج كتورة، مصدر سابق، ص ٢٠٨

[3] فلاديمير لينين: ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٥/ ٤/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

خامەیان بە بڕشتە وبێمنەت توانای تاودانی ئەسپی خۆیان لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا هەیە، سیمای سەرەکی ئەمانە، بێلایەنییە.

ئەم پۆلە، وێڕای گرنگی وکاریگەریی پێگە وڕۆشنبیرییان لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو، وەك پێویست کار بە ڕۆشنیی ڕۆشنبیرییان ناکرێت وزانیارییەکانیان لای دەسەڵات پشتگوێ دەخرێ. لەبەرئەوەی، دەسەڵات، خوازیارە بیرکردنەوە ودەربڕین بە یەك ڕیتم وهارمۆنی بێت، واتە پیادەکردنی یەکجۆر ڕۆشنبیری نەریتیی تۆزلێنیشتوو. گەرچی ئەم پۆلە لە نێو دەسەڵاتداراندا ناپەسەندبن، بەڵام لە ناوەندەکانی گەلدا پەسەندن.

ماوەتەوە سەر ئەوەی باسی جۆری سێیەمی ڕۆشنبیر بکەین، کە ڕۆشنبیری پیشەییە. واتە ئەوانەی کارامە وبەهرەدار ولێهاتوون لە بوارێکی تایبەتی ڕۆشنبیریدا.[1] ئەمانە، زیاتر پیشەییانە کاری ڕۆشنبیری ولێوەشاوەیی بوارێکی تایبەت لە بوارگەلێکی ڕۆشنبیریدا دەگرنە ئەستۆ. هەرچەندە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بڵێین تەنها تایبەتمەندی بوارێکن، بەڵکو دەشێت لە بوارەکانی تریشدا کەسانێکی کارامەبن، بەڵام زیاتر بوارێك هەڵدەبژێرن وخۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن. ئەم گروپە، دەشێت بۆ بژێوی ژیان کاری ڕۆشنبیری بکەن، بەڵام مەرج نییە ببنە برغوویەکی بێبەهای ماشێنە زەبەلاحەکانی دەزگای ڕاگەیاندنە حزبییەکان.

هەروەك چۆن ڕۆشنبیرانی سەر بە دەسەڵات، لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن کار بۆ دەسەڵات دەکەن، بێگومان ڕۆشنبیرانی پیشەییش هەمان کار دەکەن، بێجگەلەوەی هەردووکیان بۆ بژێوی ژیان ولە بەرانبەر دەسکەوتی ماددی ئەو کارە دەکەن. بەڵام، جۆری یەکەم لە پەیام ونووسینەکانیاندا، زۆر بە ڕوونی لایەنگریی بۆ دەسەڵات وحزبی باڵادەست ڕەنگدەداتەوە، لە کاتێکدا جۆری دووەم هەرچی دەنووسن ودەڵێن، کاردانەوەی پرسی ڕۆژ وکێشە هەنووکەییەکان ورەخنە جۆراوجۆرەکانی سەر حکومەتە، نەك جوانکاریی ورازاندنەوەی دەسەڵات. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، خستنەڕووی جیاوازی ئەم دوو گروپەیە، لە ڕووی ڕۆڵی مێژوویی وپێگە وسروشتی گەیاندنی پەیام وئامانجەوە.

ڕۆشنبیرانی پیشەیی، هاوشێوەی ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەر، بوونیان زۆر پێویستە بۆ قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵگا. لە ڕێگەی ئەمانەوە، گەلەدەنگی کپکراوی گەل بە گوێی ئاخنراوی

---

[1] سمير فريد: المثقف المهني والمثقف العضوي، مؤسسة المصري اليوم، ٢٢/ ٧/ ٢٠١٣، www.almasryalyoum.com

دەسەلآت دەگات، ویزگەکانی دیالۆگ وپردی پەیوەندییەکان ئەمانن، داینەمۆی گەشەی ڕۆشنبیریی ومەعریفی ئەمانن، گەرای پێشخستن وڕۆشنبیری کۆمەڵ هەر ئەمانن، هەر ئەمانیشن کە دواجار ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

لە ڕاستیدا، نەك هەر ڕۆشنبیرانی پیشەیی، بەڵکو تەواوی ڕۆشنبیران، کوڕی سەردەمی خۆیانن، [1] هەروەك چۆن "هەموو سەردەمێکیش ڕۆشنبیرییەکی بالآدەست وباوی خۆی هەیە." [2] هاوشێوەی وتەکەی هیگڵ، کە دەیگوت: "فەلسەفە کچی شەرعی سەردەمی خۆیەتی." [3] ئاشکرایە، لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی مێژووی گەلاندا، ڕۆشنبیران چ ڕۆڵێکیان بینیوە، هەردەم گەیەنەری ڕاستییەکان وئاوێنەی نەهامەتییەکان بوون. هەڵبەت، لە کاتی دروستبوونی قەیراندا، ئینجا لێوەشاوەیی وگرنگی ئەمان دەرکەوتووە، هاوشێوەی فەیلەسووفان. واتە، کاتێك کێشەی ئابووری وسیاسی وکۆمەلآیەتی، تەواوی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، ئینجا هەوڵ وکاریگەریی ڕۆشنبیران، هاوشێوەی فەیلەسووفان دەردەکەوێ، کە زۆرجار خواستی گۆڕان هاوتا دەبێ لەگەڵ بەهای ژیان.

ئەوە هەر هیگڵ بوو کە دەیگوت: "فەلسەفە وەك کوندەپەپووی منێرڤا وایە، نافڕێت تاوەکو تاریکی دانەیەت." [4] واتە، لەگەڵ قووڵبوونەوەی کێشەکاندا، ئینجا وەزیفەی ڕۆشنبیران وگرنگی ڕۆشنبیری، وەکی فەلسەفە وفەیلەسووف دەردەکەوێ. بەلآم، ئەو بڕوای وابوو کە فەلسەفە لە دوای قەیرانی کۆمەڵگا کاری خۆی دەکات، ئەوەش لە پێناو ڕاڤەکردنێکی گشتی ودیالێکتیکانەی مێژووی کۆمەڵگا. بەلآم، دواجار مارکس هات وئەم وتەزایەی پێچەوانە کردەوە، بەوەی "کاری فەیلەسووفان ڕاڤە ولێکدانەوەی جیهان نییە، بەڵکو گۆڕینی جیهانە." [5] واتە، تەنها بە وردبوونەوە ولێکۆڵینەوە وتیۆری، هیچ سەوز نابێ، گەر خواستی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە وپراکتیکی لەگەڵدا نەبێ. هەرچەندە،

---

[1] بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو: و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلآوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٠٨

[2] حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، مصدر سابق، ص ٣٤

[3] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٥٩

[4] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، چاپی دووەم، لە بلآوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٠

[5] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بلآوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ئەمستردام، بەهاری ٢٠٠٢، ل ١٤١

من لەگەڵ گۆڕانی ڕادیکالآنه وشۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگادا نیم، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانی قۆناغ بە قۆناغی چاکسازیدام، بۆئەوەی دیمۆکراسی نەکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام، منیش دەڵێم تیۆر ولێکۆڵینەوە، بەبێ پراکتیك، مەرج نییە شتێکی ئەوتۆ بگەیەنێ، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگای ئێمە.

## ڕۆشنبیر وشوناس:

پێش ئەوەی بزانین چ پەیوەندی وکارلێکێك لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا هەیە، باشتر وایە سەرەتا پێناسەی چەمکی شوناس بکەین. شوناس، دەستەواژەیەکە بەکاردەهێنرێ بۆ وەسفکردنی چەمکی مرۆڤ وگوزارشتکردن لە تاکایەتی وپێرسونالەتییەکەی وپەیوەندییەکانی بە کۆمەڵەوە، وەك شوناسی ڕۆشنبیری وشوناسی نیشتمانی. ئەم زاراوەیە، بە گشتی لە بوارەکانی سۆسیۆلۆژیا وسایکۆلۆژیادا وبەتایبەتیش لە بواری سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، واتە (سۆشیال سایکۆلۆژی)دا زۆر سەرنجڕاکێشە وبەکاردێ.[١]

ئەمڕۆ، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان وێناکردنمان بۆ ڕۆشنبیری وشوناسی ڕۆشنبیری هەیە. ئەوانەی وایدادەنێن، کە ڕۆشنبیری سروشتێکی دووەمی بەمیرات بەجێماوە، بە دڵفراوانییەوە وەری دەگرین. ئەوانە لەو بڕوایەدان، شوناس بەخشراوە وپێناسەی تاك وەك سیفەتێکی کۆتایی لەیادنەچوو دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، شوناسی ڕۆشنبیری، بۆ کۆمەڵە سیفەت وخۆڵەگەڵخستنێکی ڕەسەنی تاك دەگوازنەوە، کەوا ڕەگ وڕیشەی بەپێی وێنەیەکی ئاسایی، بنچینەی هەموو شوناسێکی ڕۆشنبیرییە. واتە، پێناسەی تاك، وەك سیفەتێکی ڕەسەن ودڵنیا دەکات. ئەم وێناکردنە نیمچە بۆماوەییەی شوناس، کە ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیای ڕەگ وڕیشە دەبینێ، ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ گەیشتن بە خۆڵەگەڵخستنی ڕۆشنبیری. بە دەربڕینێکیتر، شوناس، پێش تاك دەکەوێ.[٢]

لە ڕاستیدا، فەلسەفەی شوناس، دژ بە فەلسەفەی جیاوازییە. چونکە، فەلسەفەی جیاوازی پێ لەسەر فرەشوناسی وفرەدەنگیی دادەگرێ. بەڵام، فەلسەفەی شوناس، پێ لەسەر بوونی یەك شوناسی سەرەکی دادەگرێ. لە فیکری فەلسەفیدا، بیرۆکەی تاك شوناسیی، لە هیگڵەوە داکەوتووە.

---

[١] هوية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، مارس/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org

[٢] دنيس كوش: مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ت: د. منير السعيداني، مصدر سابق، ص ١٤٩

بە بڕوای هیگڵ، مێژوو یەك لۆژیكی هەیە، وكەلتووریش یەك جووڵەی گەردوونی لە ناوەوە بەڕێوەی دەبات، كۆمەڵگاش بە هەمان شێوە لۆژیكێكی دیالێكتیكی گشتگیر، یاساكانی دەستنیشان دەكات.

بەڵام، بیرمەندی فەرەنسی، بۆدلیار، تا سەر ئێسقان بەم دیدە هیگڵییە ناكۆكە، وبە سەرچاوەی تۆتالیتاریزمی دادەنێ. ناوبراو، ڕای وایە، جیاوازی تەنها لە ناو سیستمێكدا دەتوانێ بژی كە لۆژیكی پلوراڵی هەبێ نەك لۆژیكی دیالێكتیكی. لای بۆدلیار، ژێرخانی جیاوازی، گشت یان سەرجەم نییە، بەڵكو پلوراڵیزمە، كە چەندان جیاوازی لە پاڵ یەك ولە دایالۆگ وپەیوەندی بە یەكەوە كۆدەكاتەوە. بە بڕوای بیرمەندی ناوبراو، دیالێكتیك لە دوا وێزگەدا ناكۆكیەكان لە ناو پێكهاتەیەكی نوێی وێكچوو وگشتگیردا كۆدەكاتەوە ویەك لۆژیكیان بەسەردا دەسەپێنێ. بەڵام، پلوراڵیزم ولۆژیكی جیاوازی، بەردەوام پێویستییان بە لۆژیكێكە لەودیوی گشتگیرییەوە بژی.[1] ماوەتەوە سەر ئەوەی كە بڵێم، نابێ وناكرێ كەسی ڕۆشنبیر لە ڕووی ڕۆشنبیری وئیتیكی كار وئیتنی ومەزهەبی وچین وسیاسەتەوە، خۆی بالاپۆش بە شوناسێك بكات. بەڵكو، پێویستە لەسەر ڕۆشنبیری ڕەسەن، لەبری تاك شوناسی، پلوراڵیزم وفرەیی وجیاوازی بپۆشێ وبكاتە شوناس. چونكە، توانای هزریی ومرۆڤایەتی ودیموكراسیەت، تەنها لە ژینگەی ڕەنگاڵە وپەلكە زێڕینەدا گەشە دەكات.

**تەوەری دووەم:-**

**دەسەڵات:**

دەسەڵات، كۆمەڵە هۆكارێكی زۆرەملێ ونازۆرەملێیانەیە، حكومەتەكان بۆ بەئەنجامگەیاندنی كارە تایبەتییەكانیان هەیانە وبەكاریدێنن. پاراستنی سەرچاوەكانی دەسەڵات، ودابەشكردنیان وململانێ لەبۆ دەستبەسەراگرتنیان، لە گرنگترین كۆباسەكانی زانستی سیاسییە. سیاسەت، تەنها مانای بەكارهێنانی سەرچاوەكانی هێز ودەسەڵات بۆ كارە تایبەتییەكانی حكومەت ناگەیەنێت، بەڵكو سیاسەتمەدارانیش بۆ ئەو سەرچاوانە لەتەك ڕكابەرەكان ونەیارەكانیاندا دەبێت بكەونە ململانێوە. لەنێو زانستی سیاسی ئەمڕۆدا، زۆر بە ڕوونی كارەكانیان دابەشكراون، ئەو بەشەی تایبەت بە باسی حكومەت وسیاسەتەوە بێت ولەمەڕ ململانێكان بۆ دەستبەسەراگرتنی

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨

سەرچاوەکانی دەسەڵات، لە ڕێی شۆڕش وەیان هەر شێوەیەکی تری خەبات یان هەڵبژاردنەوە بێت، وا باوە لە لقی کۆمەڵناسی سیاسیدا تاوتوێ دەکرێت. لە بەرامبەردا، ولەو بەشەی کە پەیوەستە بە سیاسەت وحکومەت (بەواتای بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە وپاراستنی یاسا وئارامی وجێبەجێکردنی هەموو سیاسەتە جیاوازەکان)، لە لقی زانستی سیاسەتدا تاوتوێ دەکرێت ودەخوێندرێت..[1]

هەرچەندە سیاسەت لەڕووی نەریتەوە پەیوەستە بە مومارەسەکردنی هێزەوە، کەچی زۆرجار چڕتر لەسەر دیاردەیەك دەوەستێت کە پێی دەوترێت دەسەڵات، بەتایبەت دەسەڵاتی سیاسی. لە فراوانترین مانایدا، دەسەڵات بریتییە لە فۆرمێکی هێز. بەڵام زۆرجار، هێز ودەسەڵات لەیەکتر جیادەکرێنەوە وەك دوو ناوەندی دژ بەیەك، کە لە ڕێگەیەوە پابەندبوون یان گوێڕایەڵی بەدەست دەهێنرێت. لەکاتێکدا، دەکرێت هێز پێناسە بکرێت، وەك توانایەك بۆ کارتێکردن لە هەڵسوکەوتی یەکتر، بەڵام دەسەڵات دەکرێت بەو مافە پێناسە بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە..[2]

لەپاڵ هەردوو ڕەگەزی گەل وهەرێمدا، ڕەگەزی سێیەم زۆر پێویستە بۆ دروست بوونی دەوڵەت. ئەو ڕەگەزەش، بە بوونی دەستەیەك یان ئەنجومەنێك کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی لەدەستدایە، وکۆمەڵ یان گەل قایل بێت بە فەرمانڕەوایەتییان دێتە ئاراوە، ئەو ئەنجومەنە خاوەن دەسەڵاتەش حکومەتە.[3] هەرچەندە، ئەرستۆ، باوەڕی وابوو کە هیچ شێوازێکی دەسەڵات نییە، تەواو ڕەزامەندی مرۆڤ بەدەستبهێنێ. واتە، ناڕەزامەندیی خەڵك، دەبێتە هۆی گۆڕینی دەسەڵات.[4]

کەواتە، ئێستا لە ڕووی سیاسییەوە، لەوە گەیشتین کە دەسەڵات لە دەوڵەتدا بەمانای کۆمەڵە هۆکارێك دێت، کە حکومەتەکان پەیڕەوی دەکەن. هەروەها، لە ڕووی یاساییەوە، زامنکردن وفەراهەمکردنی هێمنی وئارامی بۆ کۆمەڵگای سیاسی، لە گرنگترین بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتە، کە خۆی لە دەستەبەرکردنی سیستم وڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

---

[1] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٢

[2] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢١٣

[3] نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٥

[4] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٩٧

دەبینێتەوە. هەربۆیە، دەسەڵاتی دەوڵەت، مانای بوونی فەرمانڕەوا کە فەرمان ونەهی بە ناوی دەوڵەتەوە دەردەکات. لەبەرئەوە، دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی دەوڵەت، دیاردەیەکی "کۆمەڵایەتی وسیاسی وياساییه." [1] لە ڕوانگەی ئەتینايیەکانی سەدەی پێنجی پێش زایین، بڕیاردان لەسەر یاساکان وهەڵبژاردنی دروست وعادیلانە، هیچ کات لە ئەستۆی یەك تاکدا نەبووە، بەڵکو بەسترابووەوە بە هێزی کۆمەڵێکەوە. هەربۆیە ئەرستۆی گەورە فەیلەسووف، لە کتێبی (سیاسەت)دا نووسیبووی: "لە ئەتینای دیمۆکراتدا، دەسەڵات موڵکی هیچ کەسێك نییە."..[2] بەمانای، ناکرێ کەسێك یان چینێك، دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆرخ بکات.

شتێکی بەڵگە نەویستە، کە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی خاوەنی چەندین خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی. ململانێ، یەکێکە لەو خەسڵەتە سەرەکییە هاوبەشانەی تێکڕای کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە، واتە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵگاکان، ململانێیە. جا دەکرێت، ئەو ململانێیە، تایبەت بێت بە خودی تاکێك لەگەڵ خۆیدا، یان نێوان دوو تاك، یان تایبەت بە ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان، یان ململانێی چینایەتی، یاخود ململانێی پارتە بەشداربووەکانی دەسەڵات بە مەبەستی چاکسازی، یا کۆنترۆڵکردن وە یاخود بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ترسێکی دەرەکی وتا دواتر. [3]

ئەمڕۆ، لە سەرجەم وڵاتە دیمۆکراتخوازە پێشکەوتووەکاندا، دەسەڵات بە مەبەستی یەکلاکەرەوەی ململانێ چەمکی دادوەری بەکاردێنێ، بەو هۆیەشەوە شەرعیەت بەدەست دێنێ. بەڵام، لە بەرانبەردا، زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێ، بەم چەمکە نامۆن، واتە لەبری دادوەری، قۆرخکردنی دەسەڵات لەئارادایە. هەربۆیە، تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، لە ڕووی لۆیاڵ ودڵسۆزییەوە هەژارن. بەم شێوەیە، واتای دادوەری، دەبێتە هۆیەك بۆ بەدیهێنانی حاڵەتێکی دیاریکراو، ئەویش بەخشینی هەموو ئەو شتانەیە کە هەر تاکێك خاوەنیەتی وئەوەشی لە ئەستۆیدایە وپۆستەکەی لێی دەخوازێ. چەمکی دادوەری، بەو پێیەی باسکرا، زیاتر لە نموونەی ئەخلاقییەوە نزیکە تا لە

---

[1] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب– القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٤٩

[2] ن. رامین جەهانبەگلو: دەسەڵات و ئازادی، و: عەتا جەماڵی، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٦– ١٧

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٠٥

نموونەی سیاسییەوە.[1]

دەوترێ: "لە کاتێکدا دەوڵەت قوتابخانەیەك دەکاتەوە، بەندیخانەیەك دادەخات." [2] بەڵام، ئەمڕۆ وڵاتانی نامۆ بە دیمۆکراسیەت، چەند قوتابخانە بکەنەوە، هێندەش بەندیخانە دەکەنەوە. ئەوەش لەپێناو ئەو ڕۆشنبیرانەی ڕەتیدەکەنەوە چەپڵە بۆ دەسەڵات لێبدەن. هەڵبەت، پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر ودەسەڵات، پەیوەندییەکە کۆمەڵێك ئاڵۆزی وتێکەڵیی بەسەریدا زاڵە. بەجۆرێك، هەندێك ناویدەبەن بە ململانێی شمشێر وپێنووس. دژواری ئەم پەیوەندییەش، لەوەدایە کە هەموو دەسەڵاتێك پێویستە پشت بە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو ببەستێ. واتە، هیچ دەسەڵاتێك نییە بەبێ ڕۆشنبیری، هەروەك چۆن هیچ ڕۆشنبیرییەکیش نییە ڕوویەکی دەسەڵاتی نەبێ. بەمانای، دەسەڵات ناتوانێ سیاسەتێکی دیاریکراو پەیڕەو بکات، گەر جۆرێك لە ڕەوابوونی پێنەبەخشێ. بەپێی ئەم لۆژیکە، دەسەڵات هەڵدەستێ بە پەلکێشکردن وڕامکردنی ڕۆشنبیران بەو شێوەیەی دەیەوێ، تاوەکو لە یەك کاتدا ڕۆشنبیر وڕۆشنبیری بەرهەمبێنێ.

لە کۆتاییدا، ئەم شرۆڤەیەی ئاماژەی پێدرا، ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە دەسەڵات (هەرێم بەنموونە)، بەرهەمهێنەری ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە خوازیارێتی. هەربۆیە، لەم کۆمەڵگایانەدا توانای بێداری وهەستانەوە زۆر دوورە، مەگەر خودی دەسەڵات ڕێڕەو وئەدگاری ئەو هەستانەوەیە بکێشێ.

## کارلێکی ڕۆشنبیر ودەسەلات:

ڕۆشنبیر، زیاتر لە هەر کەسێك، بایەخ وگرنگی بە دەسەڵات دەدات. زیاتر لە هەر کەسێك، پرسی دەسەڵات لای ڕۆشنبیر، پرسی حەزلێکردن، ڕقلێبوونەوە، ئارەزووکردن، توێژینەوە، ڕامان وڕەخنەلێگرتنە. تراژیدیای ڕۆشنبیران، لەوەدایە کە زۆر بە دەگمەن ڕۆشنبیرێکی خاوەن دەسەڵات دەبینین، یا زۆر بە دەگمەن ڕۆشنبیرێك دەبێت بە سەرۆك کۆمار، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

---

[1] د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاْوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٢

[2] زيد طوغلي: العلاقة بين المثقف والسلطة، مدونات الجزيرة، ١٣/ ١/ ٢٠١٧، blogs.aljazeera.net

له هەمان کاتدا، ڕۆشنبیران هەریەکە وبەپێی مۆدێلێکی تایبەتی، لکاون بە پێستی دەسەڵاتەوە، هەر یەکەو بەپێی کاتیگۆرییەکی تایبەت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕێکدەخات. [١]

شایانی وتنە: "هەموو سەردەمێك ڕۆشنبیرییەکی باڵادەست وباوی هەیە." [٢] لە کۆمەڵگادا، کرداری گەشەسەندن، زۆر بە توندی پەیوەستە بە دایالۆگ وپەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر وجەماوەرەوە. لێرەوە، چینی ڕۆشنبیر، لە ڕووی چەندایەتی وچۆنیەتییەوە گەشەدەکات. بەڵام، هەر هەنگاوێك بەرەوپێش بەرەو گرێدان وفراوانبوونی زیاتر، پەیوەستە بە هاوجووڵەی جەماوەری ڕەش وڕووتەوە، ئەوانەی هەڵدەکشێن بۆ ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری. بەوەش، بازنەی کاریگەرێتییان، فراوان دەبێ تا دەگاتە ئاستی چینی ڕۆشنبیرە تایبەتمەندەکان. بەم شێوەیە، تاك وگروپی دیار ودەرکەوتوو فەراهەم دەبێ، کە پێگە وقورسایی وگرنگیی جیاجیایان دەبێ. [٣]

فەیلەسووفی سەدەی بیستەم، بێرتراند ڕاسڵ، لە کتێبی "دەسەڵات وتاك"دا، کاتێك ئاماژە بە تێکەڵاوی حکومەت وداهێنانی تاك دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگای نوێ، کە لە ململانێدایە بۆ پێشکەوتن، پێویستی بە هەردووك لە باڵادەستی وکۆنترۆڵی ناوەندی، وە چالاکی تاك وبەکۆمەڵ هەیە. لەدەستدانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی ئاژاوەنانەوە، وەك چۆن نەبوونی داهێنانی تاکە کەسیش، دەبێتە هۆی چەقبەستوویی. [٤]

هەر لەم سۆنگەیەوە، ناوبراو ئاماژە بە دوو جۆر لە سیفەت وتایبەتمەندی کۆمەڵگاکان دەکات. سیفەتێکی جێگیر، کە تایبەتە بە چۆنیەتی کۆنترۆڵ وباڵادەستی حکومەت، سیفەتێکی ناجێگیریش، کە تایبەتە بە چالاکییەکانی تاك. کە دەڵێین چالاکییەکانی تاك، هەڵبەت چالاکییەکانی کەسی ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە، کە دەچێتە خانەی سیفەت وتایبەتمەندییە گۆڕاوەکانی کۆمەڵگاوە. وەڵێ، یەکگرتوویی وپێشکەوتنی کۆمەڵگاش، لەوەدایە کە چکاوەی توانای کارناسی ومەعریفی وئەدەبی تاك، ڕەوا وسیستماتیکانە تێکەڵ بە هونەری سیاسەتکردن وڕامکردنی دیمۆکراسییانەی

---

[١] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆریی کولتوورییە، ژمارە (٢)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

[٢] حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، مصدر سابق، ص ٣٤

[٣] كراسات السجن لانطونيو غرامشي، القسم الثالث: فلسفة الممارسة، ت: عادل غنيم، دار المستقبل العربي– لندن، ١٩٧٨، ص ١٣

[٤] برتراند ڕسڵ: دەسەڵات وتاك، و: ئەژین عبدالخالق، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی ڕێبین– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٥

دەسەڵات ببێ. واتە، پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەوەدایە، کارنامەی حکومەت وکارنامەی هاووڵاتی بەگشتی وڕۆشنبیران بەتایبەتی، دوالیزمێکی دادپەروەرانە ولێکدانەبڕاوبن. بەڵام، ناوبراو لە مەیل بە دەسەڵات، ئاماژە بە دوو شێوە دەکات، مەیلی ئاشکرا بە دەسەڵات لە ڕابەرەکاندا، مەیلی شاراوە بە دەسەڵات لە پەیڕەوکاراندا. دەڵێ: "کاتێك کە خەڵکی بە مەیلەوە پەیڕەوی لە ڕابەر دەکەن، مەبەست ئەوەیە بگەن بە دەسەڵات، چونکە هەست ئەکەن سەرکەوتنی ڕابەرەکان سەرکەوتنی خۆشیانە." [1]

لە ڕاستیدا، بەرپرسیاریەتی ماف وئازادییەکان، ئەرکێکە دەچێتە سەر شانی حکومەتەکان. سەرباری ئەوەش، دەبێت بەجۆرێك سیاسەت بکرێ، کە جۆرە پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان دەسەڵات وهاووڵاتیاندا فەراهەم ببێ. پێویستە لەو پێوەندییەدا، تاکەکان، بەشێك لەو مافانەیان وەدەست بکەوێت کە بۆخۆیان لە توانایاندا نییە.[2] ناوەڕۆکی دەسەڵاتی سیاسی، لە بنچینەدا، پەیوەستە بە بابەتی دەستنیشانکردنی بناغەکانی گردبوونەوەی تاکەکان، لە نێو هەیئەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا. هەربۆیە، دەسەڵات لە بنچینەدا داکەوتێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، کە پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە، ئەوەش بەهۆی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانیەوە. بە وتەی "ئەرستۆ" (مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسی یان سڤیلییە)، مانای ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو مەیلی ئەوە دەکات لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیدا بژی. پاشان، کۆمەڵ، دیاردەیەکی سروشتی وخۆڕسکە، وبەهۆی خواستی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە دروست دەبێت. کەواتە، "گردبوون" دیاردەیەکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکانە، ولە مێژەوە تاك هەرگیز نەیتوانیوە وناشتوانێت فەرمانڕەوایی ژیانی خۆی دوور لە تاکەکانیترەوە بکات..[3]

لەم گردبوونەوە مرۆییەدا، گەر بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتیشبێ، دەسەڵاتدار ودەسەڵاتبەسەر دەردەکەون، واتە سەرەتای دروستبوونی ناکۆکی وچینایەتی. فەیلەسووفان، هاوڕابون لەسەر ئەوەی ئەم قۆناغە بە شێوەیەکی دراماتیکی ودیالێکتیکانە دەچێتە پێش، وەڵێ بەرژەوەندیش، داینەمۆی گۆڕانکارییەکانە. بە بڕوای هیگڵ، دواجار جیاوازی وناکۆکییەکان لەناو فیکر یان ڕۆحدا کۆتاییان

---

[1] بێرتراند راسێل: دەسەڵات، شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تازە، و: سیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٦

[2] تۆماس هامماربارى: عەدالەتی کۆمەڵایەتی، و: عوسمان ئیسماعیلی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە- هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٨- ٤٩

[3] زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر و الوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر- السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٢١- ٢٢

پێدیٚ. لای مارکس، ناکۆکییەکان لەناو پێکهاتێکی نوێی کۆمەڵایەتیدا کۆتاییان پێدیٚ. بەڵام، لای فەلسفەی جیاوازی، ناکۆکی وجیاوازی لەناو ناچن وکۆتاییان پێنایەت، بەڵکو بە دوای بونیادنانی دنیایەکدا دەگەڕێن، کە لۆژیکی پاراستنی جیاوازی وپێکەوەژیانی جیاوازی لە ناویدا ئامادەبیٚ.[1] واتە، بۆچوونی فەیلەسووفانی مۆدێرنە، لەگەڵ فەیلەسووفانی پۆست مۆدێرنە جیاوازە. ئەمەش، جەوهەری فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەیە، کە هەردەم بەرگری لە دەنگ ورەنگە جیاوازەکان دەکات.

پۆست مۆدێرن، وەك کاردانەوەیەك لە بەرانبەر تازەگەری، قۆناغێکی مێژوویی شارستانیەتی رۆژئاوایە، کە لە هەناویدا ڕەتکردنەوەی قۆناغی مۆدێرنە لەخۆدەگریٚ. واتە، پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری فەلسەفی ڕەخنەگرانەیە، کە ڕەتکردنەوەی ئاوەزی ڕەها وجینۆساید وجەنگ ودەسەڵاتی تاکڕەوی ویەکشوناسی ویەکیەتی لەخۆدەگریٚ. بەمانای، ڕۆشنبیرییەکی بارگاوی بە دیمۆکراسییەتی لانی زۆر وجیاوازی وڕێژەگەریی وپلورالیزم وفرەشوناسی وئاشتییە.[2]

فەیلەسووفی پاش تازەگەری، میشێل فۆکۆ، لە وەڵامی ڕۆژنامەوانێکدا دەڵیٚ: "ڕۆڵی ڕۆشنبیر، ئەوە نییە بە خەڵك بڵیٚ دەبیٚ چیبکەن، بە چ مافێك ڕۆشنبیر بۆی هەیە ئەم کارە بکات؟ ئەرکی ڕۆشنبیر، ئەوەیە لە میانەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە کە ئەنجامیان دەدات، جار لە دوای جار پرسیار ڕووبەڕووی ئەو شتانە بکاتەوە کە وەك بەڵگەنەویستیان لێهاتووە، عادەتە فیکری وئەقڵییەکانی خەڵك بخاتە ژێر پرسیارەوە. گومان، بخاتە ناو ئەو شتانەوە، کە ئاسایی وناسراو وقبوڵکراون. بەشداربیٚ لە دروستکردنی ئیرادەیەکی سیاسیدا، کە تیایدا ڕۆڵی خۆی وەك هاووڵاتییەك، جێبەجیٚ دەکات."[3]

فۆکۆ، لە میانەی مۆدێرنەوە دەیەوێت بەرەو چکاوەی پۆست مۆدێرنە پەلکێشمان بکات، وئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مێژووی دەسەڵات وڕۆشنبیری وکەسی ڕۆشنبیردا هاتووە، بخاتە ڕوو. ئەوەش، لە ڕێی بابەتگەلی وشەکان وشتەکان، مێژووی سێکسواڵەتی، ئارکیۆلۆژیای مەعریفە، مێژووی دێوانەیی وچەندین چاوپێکەوتن وبەرهەمیتری. بۆ نموونە، ناوبراو لە گۆشەنیگای سێکسەوە، دەیەویٚ پەیوەندی نێوان دەسەڵات ومەعریفە، تاك وجەستە ڕاڤە وشیبکاتەوە. دەیەویٚ

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩
[2] ما بعد الحداثة: فلسفة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠٠٨، ar.wikipedia.org
[3] حسين يوسف بوكبر: مفهوم المجتمع المدنيعند ميشيل فوكو، تبين، دراسات وابحاث، العدد ١٨، خريف ٢٠١٦، ص ٢، www.dohainstitute.org

پێمان بڵێت، ئەوە دەسەڵاتە وا لە تاك دەكات ناچاربێ دان بە هەموو شتێكدا بنێ، ناچاربوون چارەنووسی هەموو تاكێكە. چیتر، ناچاربوون وەك كاریگەریی دەسەڵاتێكی سەپێنراو سەیر ناكرێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەوە هەقیقەتە لە قووڵایی نهێنی ناخماندا بێجگەلە خۆخستنە ڕوو، هیچیدی ناوێ. گەر، ڕێگرییەك لەو خود خستنەڕووە كرا، ئەوا دەسەڵات وەك ماف، لە ڕێی ئامڕازگەلێكەوە بەو خستنەڕووە هەڵدەستێ. سەرباری ئەوەی، بۆ ماوەیەكی دوور ودرێژ، یەكێك لە تایبەتمەندییە جیاوازەكانی دەسەڵاتی ڕەها، مافی پێدانی ژیان ومردن بووە. [1] ئەمە وێڕای ئەوەی دابڕانی فیزیایی وكۆمەڵایەتی، یەكێكیتر لە مافەكانی دەسەڵاتی مۆدێرنە بووە، كە سەپاندوویەتی بەسەر نەخۆشانی دەروونیی وگولیدا. پێدەچێت، شێتیش، سزایەكی گاڵتەجاڕانەی مەعریفە وگریمانەكانی بووبێ. [2]

فۆكۆ، ئاماژە بە دامەزراوەگەلی نەخۆشخانەی دەروونی وزیندان ودادگا وشوێنیتر دەدات، كە دەسەڵاتی بۆرژوا لە ڕێیەوە پانۆپتیكۆنانە * چاودێری وسەرپەرشتی هەڵسوكەوتی هەموان دەكات. [3] هەڵبەت ئامانج لێی، هارمۆنیەت ونەهێشتنی پلوراڵیزمە، تا یەك جۆر ڕۆشنبیری وبیركردنەوەی دیسپلینكراو بەرهەمبێ. لێرەدا، مەبەستی سەرەكی فۆكۆ خۆی دەخەملێنێ، كە ڕۆشنبیریی ودامەزراوە بەندییەكانی سەردەمی مۆدێرن ودەسەڵاتی بۆرژوایە وئاماژەدانە بە چەمكی سزادان لە سەردەمی نوێدا، لە بینراوەوە بۆ نەبینراو. لێرەدا، ڕاستی ئەوەیە كە دەسەڵات لە ڕێی نوخبەی ڕۆشنبیرەوە بە چەمكی پانۆپتیزم ئاشنا دەبێ، وچاودێریكردنی هەموان دەگرێتە ئەستۆ وبە نهێنی بە نێو چین وتوێژەكاندا، نەبینراوانە پەلدەكێشێ. داڕشتەی دەسەڵات، گۆڕانكاری ڕیشەیی بەسەردا دێ، ولە ڕێی تەكنۆلۆژیاوە زانیاری ورد لەسەر هەڵسوكەوتی تاك كۆدەكاتەوە. ئەمەبوو، وای لە فۆكۆ

---

[1] میشال فوكو: تاریخ الجنسانیة، ارادة العرفان، ت: محمد هشام، مطابع افریقیا الشرق– دار البیضاء، المغرب، ٢٠٠٤، ص ١١٢

[2] میشیل فوكو: تاریخ الجنون في العصر الكلاسیكي، ت: سعید بنگراد، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي– دار البیضاء، المغرب، ٢٠٠٦، ص ٤٥

*(پانۆپتیكۆن، پانۆپتیزم): مانای (چاودێریكردنی هەموان)، دامەزراوەیەكی زیندانیی سەدەی هەژدە بووە، كە ئابووریناسی ئینگلیز (جێرمی بێنتام) ساڵی (١٧٨٥ز) دیزاینی كردووە. لە ڕووی سیاسییەوە، سیمبولی هێزێكی نەبینراوە، كە توانای سەرپەرشتیكردنی هەموو بەندكراوانی (لە ناوخۆدا نەك لە سەرەوە)، هەیە.

[3] میشیل فوكو: المراقبة والمعاقبة، ولادة السجن، ت: د. علي مقلد، مركز الانماء القومي– بیروت، لبنان، ١٩٩٠، ص ٢٠٦

کرد بڵێ: "مەعریفە دەسەڵاتە." [1] واتە، دەسەڵاتی مۆدێرن، لە ڕێی ڕۆشنبیری نوێ وڕۆشنبیرانی ئۆرگانییەوە، مەعریفە لەسەر ئێمە بەرهەمدێنێ.

لە دووتوێی ئەم ڕاستییانەوە، هەرگیز ناکرێ تۆمەتی سەرەکی بەسەر چینی ڕۆشنبیراندا ببەخشینەوە، دوور لە دەسەڵات، بەڵکو دەبێ پەنجەی تۆمەت بۆ دەسەڵات ڕابکێشرێ. ئەوە دەسەڵاتە، کە سەرمایەی ئابووری وفیکریی ومرۆیی، بۆ مانەوەی خۆی بەکاردێنێ. هەڵبەت، لەم نێوەندەشدا، کەسانێکی زۆر دەبنە سووتەمەنی وپەیژە، ئەوجا زۆرەملێیانەبێ یا خۆبەخشانەبێ. بێمکووڕیکردن، هەموو دەوڵەت ودەسەڵاتێك ڕەوا ومۆراڵییە، گەر گرنگترین کارنامەی، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وئاکاریی زۆرینەی هاووڵاتیانیبێ بۆ ئاستێکی باشی دیاریکراو. [2] هیگڵ، دەڵێ: "لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی گەورەدا، دەشێت کردەوەیەکی ناشرین لە ڕووی مۆراڵییەوە ئەنجام بدرێ، یان چەند گوڵێك بپلیشێنەوە." [3] واتە، دەسەڵات، هەمیشە کارگەڵی خۆی لە ڕێی گەلە ئامڕازێکەوە، بە ئامانجێکی گەورە لەقەڵەم داوە، بەڵام ئەوە ڕۆشنبیرە کە ئاوەزباوەڕیی ورەوایی ئەو ئامانجە دەخاتە ڕوو. ڕۆشنبیر، دەبێ فرەیی وجیاوازی قبووڵ بکات، نابێ کار لەسەر یەك شوناس، ئایدیۆلۆژیا، چینایەتی بکات، بەڵکو وەك ڕۆشنبیرێکی گشتگیر [4] بە مانا فۆکۆییەکەی کار بکات. لە ڕوانگەیەکی مۆراڵیی دادوەرییەوە، بە ناوی مرۆڤایەتی، هەقیقەت، ئاییندەوە بدوێ، کەمترین بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵاتدا (بە مانا نەرێنییەکەی) هەبێ. کار بۆ سەرخستنی ئامانج بکات، ڕۆڵی کاریگەر لە ڕۆشنبیرکردنی خەڵك ببینێ، ڕەخنە ولێکۆڵینەوە لە پیرۆزییەکان وبەڵگەنەویستەکان بکات. دیارە، ڕەخنە، گەر زانستی وبنەمادار نەبێ، سوودی نییە ودواجار بە خزمەتی دەسەڵات دەشکێتەوە. کۆتا وتە، ڕۆشنبیر دەبێ جورئەت بکات، ببێ بەوەی کە هەیە.

**تەوەری سێیەم:-**

---

[1] عبد العزيز العيادي: ميشال فوكو، المعرفة والسلطة، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ٥١

[2] كراسات السجن لانطونيو غرامشي: القسم الثاني، ملاحظات حول السياسة، ت: عادل غنيم، دار المستقبل العربي- لندن، ١٩٧٨، ص ٥٤

[3] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٦٨

[4] عبد العزيز العيادي: ميشال فوكو، المعرفة والسلطة، مصدر سابق، ص ٢٣

**چەمکی دیمۆکراسی:**

باشترین وگونجاوترین سیستمی حوکمڕانییە، کە مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژایی ژیانی بەدەستی هێنابێت. دیمۆکراسی، زاراوەیەکی یۆنانییە لە (دیمۆس- کراتۆس)( Demos-Cratos)ەوە هاتووە، کە مانای (حوکمڕانی گەل- حكم الشعب) دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا، (دیمۆ) مانای خەڵك، و(کراتۆس) مانای دەسەلاَت دەگرێتەوە، واتە (دەسەلاَتی خەڵك) یاخود (دەسەلاَتی گەل). دیمۆکراسی، جۆرە دەسەلاَتدارێتییەکی تایبەتە، کە تیایدا دەسەلاَت بەدەست زۆرینەی خەڵکەوە دەبێت، وناکرێ بەربەستی لە ئازادی بکرێت، دەبێ ئەندامانی کۆمەڵ یەکسان بن وەکو یەك. ڕیفۆرمیستەکان، هەردەم دیمۆکراسییان دەوێت وهەوڵی بۆ دەدەن.[1] دیمۆکراسی، شێوەیەکە لە حوکمڕانی، کە تیایدا گەل (Demos) (لە گریکدا) بە کردەوە دەسەلاَتی ڕامیاری پیادە دەکات، بەو پێیەی ئەو دەسەلاَتەیە کە داڕشتەی ڕامیارییەکان دادەنێت (دیمۆکراسیەتە ڕاستەوخۆکان)، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنیەوە بۆ ئەوانەی کە ڕامیارییەکان دادەنێن لەبری (دیمۆکراسیەتی نوێنەرایەتی)..[2]

کەواتە، زاراوەی دیمۆکراسی، لە چەمکی یۆنانی (Demokratia) وەرگیراوە، پێشگری (دیمۆس) بەواتای "بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی وڵات" دێت، دواتر (دیمۆس) بەمانای هەژار ولێقەوماو وگوندییەکان دێ. لە ئاکامدا، بە واتای (خەڵك)، کەڵکی لێوەرگیراوە. (کراسیا)ش، لە "کراتۆس"ەوە وەرگیراوە، کە مانای "دەسەلاَت وئۆتۆریتە وهەروەها دەسەلاَتدارێتی وحکومەتکردن" دێت. لێرەوە، دەکرێت بڵێین زاراوەی "دیمۆکراسیا" بۆ یەکەمجار لە ئەسینا سەریهەڵدا. (هیرۆدۆت)، مێژوونووسی یۆنانی، دەڵێ: "ئەگەرچی دیمۆکراسی، هەموو کەس لە بەرانبەر یاسادا بە یەکسان دەزانێ، بەلاَم گرفت لەوەدایە کە بە ئاسانی ببێ بە مۆبۆکراسی یان حکومەتی نەزان ونالێهاتووەکان، کە بە دڵنیاییەوە حکومەتی زانا وکەسە لێهاتووەکان لە حکومەتی نەزانەکان باشترە." [3]

---

[1] برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا، ١٩٨٤، ل ٨٣

[2] جیۆفەر ڕۆبێرتس، ئەلیستەیر ئێدواردس: فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری، و: محەمەد چیا، زنجیرەی (١٠٠) کتێبی کوردی، (٤١)، ٢٠٠٣، ل ٨٩

[3] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

ئاسانترین پێناسەی دیمۆکراسیش، ئەوەی بیرمەند کارڵ پۆپەرە، کە دەڵێ: "دەستوورێك، زەمانەتی ئەوە بکات بەبێ خوێن ڕشتن بەهۆیەوە بتوانین خۆمان لە حکومەتێك ڕزگار بکەین." [١] پاش ئەوەی، لە چەمك وپێناسەی دیمۆکراسی گەیشتین، دەکرێ ئاماژە بە کۆڵەکە فیکرییەکانیشی بدەین، کە یەکەمیان تاکایەتییە، واتە جەختکردن لەسەر جەوهەر وهەقیقەتی مرۆڤ، بەوەی تاکێکی مرۆییە. دووەمیان، ئارەزووی سروشت، مانای وازهێنان لە هەژموونی میتافیزیکی، کە فیکری سەدەکانی ناوەڕاستی داگیرکردبوو وگرنگیدانی زیاتریش بە دۆزینەوەی بەشەکی وپێژگەریی وەك لە هەمەکی وڕەهایی. سێیەمیان، ئارەزووی ئاوەزباوەڕی، مانای پشتبەستن وگرنگیدان بە کاری مرۆیی، وپێدانی بەرزترین پلەوپایە پێی لەچاو هەر دەسەلاتێکی دەرەکیدا. بەوەی، هەرگیز ناکرێ بگەین بە هەقیقەت، گەر لە ڕێی چالاکی هزریی تاکەوە نەبێ. [٢] دیمۆکراسی، حکومەتکردنە بەدەستی خودی خەڵکەوە، چونکە سیستمێکە کە تیایدا خەڵك واتە ئەندامانی کۆمەڵگا، بەشداری لە دیاریکردنی ستراتیژی سیاسیدا بۆ کۆی کۆمەڵگا دەکەن. ئەرکی ڕێنماییکردنی حکومەت، گرنگییەکی سەرەکی بۆ ڕەهەندی خۆبەڕێوەبردن هەیە. هەر ئەم ڕاستییە، ئەگەری بەشداری گرووپێکی زۆری خەڵك لەم کاری ڕێنماییکردنە کە دیمۆکراسییە، دەرەخسێنێت. [٣]

لە ئەتینا، کاتێك دیمۆکراسی گەشەکردنی تەواوی بەخۆوە بینیبوو، ئەم گەشەکردنە ببوە هۆی سەرچاوەی سەرەکی ئیلهام بۆ بیری سیاسی نوێ، هەربۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وسەدە لە دوای سەدە، نموونە ئایدیاڵەکانی دیمۆکراسی: یەکسانی هاوڵاتیان لەبەردەم یاسا، ئازادی، عەدالەت، ڕێزگرتن لە یاسا، شکڵ وشێوازێکی نوێی دەبەخشییە بیری سیاسی خۆرئاوا. دواتر، وپاش دابڕانێکی زۆر لە دیمۆکراتی، جارێکیتر خۆرئاوا توانی بەهۆی سەردەمی ڕۆشنگەری وداهێنانە نوێکانیەوە، بەهۆی بیریاران وفەیلەسوفانیەوە، پاش هەژدە سەدە، سەرلەنوێ ڕۆح بکاتەوە بە بەری دیمۆکراتیدا وبەگوڕوتینێکی زیاترەوە بیخاتەوەگەڕ، سەرلەنوێ شەتڵی نوێ لە باخچەی دیمۆکراتیدا لێبداتەوە. دواجار، گرنگی دیمۆکراسی، وای لە فۆکۆیاما کرد کە بانگەشەی کۆتایی مێژوو بکات،

---

[١] ڕاڵف دارن دۆرف: قەیرانەکانی دیمۆکراسی، و: ئیسماعیل حەمە ئەمین، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٩

[٢] عبدالرحمن كريم درويش: الديمقراطية، دراسة فكرية سياسية، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠١٢، ص ٥٧

[٣] چەند نووسەرێك: چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، و: ڕێبین هەردی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٢٠

**بەو مانایەی تازە مێژوو هەرگیز سیستمێکی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی، هاوشێوەی دێمۆکراتی لیبراڵی بەخۆیەوە نابینێ.**[1]

**دەوترێ، دێمۆکراسی، حکومەتێکە لەسەر بنەمای ڕاوبۆچوونی گشتی دامەزراوە ولە بەرانبەردا، پێویستە ئەو حکومەتە بەردەوام هەست بە لێپرسراوێتی بکات. بە واتایەکی دی، دێمۆکراسیبوونی ڕووت سەرچاوەی فەرمانڕەوایی کردنی دێمۆکراسییانە نییە، بەڵکو پێویستە لە بەرانبەر خەڵکیدا خۆی بە لێپرسراو بزانێت، بەردەوام ئەو حکومەتە سەرچاوەی دێمۆکراسیبوونی خۆی نوێ بکاتەوە. حکومەتی دێمۆکراسی، لە کەش وهەوایەکی فرەڕێکخراو وفرەئەنجومەنی سەربەخۆ وهەڵقولاّوی ناخدا کاردەکات، لە بەرانبەر ئەگەرەکانی بەدیکتاتۆریبوونی دەسەڵاتدا ڕادەوەستێت، وبەرگری لە مافەکان وئازادییەکانی تاك وئەنجومەنەکانیش دەکات.**[2] **لەم سۆنگەیەوە، دەتوانین ئەوەش بڵێین کە دێمۆکراسی، ئەو سیستمەیە کە تێیدا زۆرینە دان بە مافەکانی کەمینەدا دێنێ، بەو بڕوایەی زۆرینەی ئەمڕۆ دەشێ کەمینەی سبەی بێ.**

## چەمکی ئازادی:

**چەمکی ئازادی، هاوواتای چەمکی (liberte)ی فەرەنسییە، سەرچاوە لاتینییەکەشی (libertas)ە، بەمانای نەبوونی کۆتوبەند وزۆرەملێ. ئازادی، لە زمانی فارسیدا، لە وشەی (ئازات)ی پەهلەوی وەرگیراوە، بە مانای سەربەست، ڕەسەن وجوامێر. لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ئازادی چەندین جۆری هەیە، وەك ئازادی سیاسی، ئازادی ئابووری، ئازادی کەلتووری، ...هتد. هەروەها، چەندین لایەنی جۆراوجۆریشی هەیە، وەك ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی نووسین، ئازادی کار، ....هتد. چەمکی ئازادی، ئازادی هزر، ئازادی بیروباوەڕ ونەترسان لەخۆدەگرێ، وبە یەکێك لە بنەماکانی دێمۆکراسی دەژمێردرێ. ئازادی، هەرگیز بەمانای ئانارشیزم وبەرەڵایی نایەت، ئازادی بەبێ دیسپلینی ناوخۆیی ودەرەکی، دەبێتە جۆرێك لە ئانارشیزم کە لەگەڵ بوون وئامانجەکانی ئازادیدا ناگونجێ.**[3]

---

[1] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧

[2] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٩٦

[3] ئازادی: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٢٩/ تەمموز/ ٢٠١٦، ckb.wikipedia.org

یەکەم جار، ئازادی تەنیا بریتی بوو لە هاوواتای سەربەستی. وێڕای ئەمەش، یەکێك ئازاد بێت، واتە یەکێك سەربەست بێت یا ڕابکات. بەلاّم، زاراوەکە زۆر زیاترە لەوەی تەنیا دروشمێك بێت، فۆرمێکی تایبەتی ئازادی سیاسی وشێوازێکی جیاکراوەی بزوتنەوەی سیاسی دیاری دەکات. ئازادی، هەر تەنیا لابردنی کۆنترۆڵەکان نییە لەسەر تاك، یان تەنانەت پێشخستنی گەشەی تاك، بگرە دوورخستنەوەی تاکە لە هەموو شێوازەکانی چەوسانەوە. ئازادی، شتێك کەمتر نییە لە دابڕانی مێژوویی لەگەڵ ڕابردوو. ڕابردوو، واتە چەوسێنەر وناسەربەستی، بەلاّم داهاتوو، واتە تێرکردنی مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە. زاراوەی ئازادی، دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەیەکی چەوساوە وگرووپی تایفی وگێندەر، یان کیانێکی کۆمەڵگە. تێڕوانینێك دەبەخشێت بە ژیانی مرۆڤ، وەك کیانێکی قایلکەر وجێبەجێکردنی ویستەکان. [1] زاراوەی ئازادی، لە بەکاربردنی ئاساییدا، بەمانای جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێ. ئەوەش، دەلالەت لە نەبوونی وردەکاری زانستی لە بیرکردنەوەی سیاسیدا دەکات، لێرەشەوەیە کە تێکەڵیی وئاڵۆزی تێدەکەوێت. کەواتە، دەکرێ ماناکانی زاراوەی ئازادی بخەینە ڕوو، کە ئازادی سروشتی، ئازادی نەتەوەیی، ئازادی سیاسی، ئازادی مەدەنییە. [2]

گەر بڵێین، مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە هەست بە ئازادی جووڵە وهەڵسوکەوتی خۆی بەپێی پێداویستییەکانی دەکات، ئەوا دەکرێ کەسێك ئەو باوەڕەی لا دروستبێ کە مرۆڤ هەردەم لە ململانێ لەگەڵ ناچارەییدایە. مرۆڤ، هەموو کات خەون بەوەوە دەبینێ کە بەربەستەکان ببڕێ، لێرەوە دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین کە چەمکی ئازادی، جەوهەری بوونی مرۆڤە. لە ڕوانگەی ئەم چەمکەشەوە، مرۆڤ هەردەم خۆی بە ئافەریدەکراوێکی جیاواز لەوانەی سەر ڕووی زەوی دادەنێ. ئەمەش، لەو بڕوایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی سروشتی هەیە، گەر بەشەکیش بێ. [3]

چەمکی ئازادی، ڕزگاربوونە لەو کۆتانەی توانا وبەرهەمەکانی مرۆڤ بەند دەکات، ئەوجا کۆتی ماددی بێ یان مەعنەوی. ئەم چەمکە، چیدی پەیامی کەسی ڕۆشنبیرە لە ژیاندا، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر بەرهەمهێنەری هزرە. واتە، تێڕوانین وتێگەیشتنی بۆ ئازادی، وەکی تێڕوانینی زۆربەی خەڵکی ئاسایی نییە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕۆشنبیر سەر بە چینی دەستەبژێرە، مانای بێشك

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤١

[2] ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٥٠

[3] أحمد ظاهر: دراسات في الفلسفة السياسية، ١٩٨٧، لاتوجد بيانات حول مصدر الطباعة، ص ١١

هەستەوەریی وئامادەباشیی زیاتری هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەرجە بەهایی ومۆراڵییەدا. لەبەرئەوەیە کە دەوترێ، کەسی ڕۆشنبیر لە بیرکردنەوە وکردارەکانیدا، فریادڕەس وبرەوپێدەری ئازادییە. بەم پێودانگەیە، کە هەموو کات حاڵەتی پێکدادان وجیاوازی، لەنێوان دەسەڵات وڕۆشنبیر دروست دەبێ، بەتایبەت گەر دەسەڵات دەستووریی نەبێ. [1]

## چەمکی فرەیی:

یەکێك لەو چەمکانەی کە بەتایبەت لەم دوو سێ دەیەی دواییدا لە باسە سیاسییەکانی پەیوەست بە دیمۆکراسی هاتووەتە ئاراوە، چەمکی (پلوراڵیزم)ە، بە مانای "فرەیی یان فرەگەرایی" Pluralism. فرەیی، لە بەرانبەر زاراوە وتێڕوانینێکی تردا دەوەستێت کە بە "یەك لایەنگەرایی" Monism ناودەبرێت. مانای سەرەکی ئەم چەمکە، واتای بوونی فرەلایەنییە بەسەر تاك لایەنیدا، یان بوونی پرەنسیپی جۆراوجۆرییە لە بەرانبەر یەکجۆریدا.[2] پلوراڵیزم، بەو فەلسەفە سیاسییە دەوترێ، کە نابێ پەیوەندییەکانی تاکە کەس ببەسترێتەوە بە سیاسەتی دەوڵەتەوە. [3]

مەبەستی سەرەکی لە پلوراڵیزم، پابەندبوون بە جیاوازییەکان لە کۆمەڵگادا دەگەیەنێ، هەروەها بوونی ڕاستییەکی ڕەها ڕەتدەکاتەوە وپێیوایە ناتوانرێ فرەجۆری لە کۆمەڵگای مرۆییدا پشتگوێ بخرێت. [4] ئەمە بێجگەلەوەی، پلوراڵیزم وفرەیی وجیاوازی، بە بێ بوونی سەرزەمینێکی فرەلۆژیکی وپلوراڵ، هەرگیز ناتوانێت بژی وبمێنێتەوە. ئەو سیستمەی، جیاوازی وفرەیی لە ئامێز دەگرێ، سیستمێکە چەمکی جیاوازی تێیدا بووەتە پرەنسیپێکی ژێرخانیی وبناغەیی ویاسای سەرەکی سیستمەکە. [5]

---

[1] علي حسين عبيد: المثقف واحترام الحرية، قناة الاتجاه الفضائية، ٩/ ٤/ ٢٠١٤، aletejahtv.org

[2] د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی- سایمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٠٦- ٢٠٧

[3] برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤

[4] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٨)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، ئازاری ٢٠١٣، ل ٢٣٢

[5] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩

زاراوەکە، هەندێجار بەکاردێ بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگایەك، کە لە کۆمەڵی جیاواز پێکهاتووە، ڕەگەزیی، ئایینیی، ... هتد. ئەم زاراوەیە، مانای وردتری لە زانستی ڕامیاریدا وەرگرتووە. دەوڵەت، بە هۆکارێك دادەنرێت لەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ گرتنەبەری ڕا جیاوازەکان لە شیکردنەوەی فرەییە جیاوازەکاندا، سەبارەت بە سروشتی وردی بەشداری دەوڵەت. [1]

لەمڕۆدا، چەمکی فرەیی، دەبێتە سەرەتای دەسپێك وکرۆکی قسەکردن لەسەر تەندروستی سیاسەت. لەبەرئەوەی، زۆری ژمارەی ڕاکان وپتربوونی، مانای ئاڵوگۆڕ ودەربڕینی چەندین بۆچوونی جیاواز، لەسەر بابەتێك. لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە بەبێ ڕەخساندنی ڕا وبۆچوونی جیاواز، مەحاڵە باس لە تەندروستبوونی سیاسەت وژینگەی سیاسی بکەین. هەربۆیە، بوونی ڕای جیاواز، پەیوەستە بە بوونی فرەییەوە، کە پلوراڵیزم وڕەنگاڵەی سیاسی وفرەدەنگی ودیمۆکراسی دەگەیەنێ. ئەمە وێڕای ئەوەی، فەلسەفەی فرەیی وجیاوازی، دژ بە فەلسەفەی شوناسە، کە لە ڕوانگەی ڕاسیزمەوە باس لە تەنها یەك شوناسی باڵای سەروو شوناسەکانیتر دەکات. چکاوەی مەبەست، فەلسەفەی جیاوازی دژ بە فەلسەفەی شوناسە. [2]

شایەنی باسە، لە ئەورووپای خۆرئاوادا، بڵاوبونەوەی چەمکی پلوراڵیزم وماناکانی فرەیی، بەواتای ئەوپەڕی دیمۆکراتی دێت. بەڵام لە بەرانبەردا ولە کۆمەڵگا سیاسییەکانی "جیهانی سێ"دا، هاوشێوەی ئەم چەمکە بەدی ناکرێت، یاخود کامڵ نییە. زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئەمڕۆ، نامۆن بە پلوراڵیزم یاخود دیمۆکراسی پلوراڵی. واتە، تا هەنوکەش، تاك حزب، حزبی سەرکردە، سەرکردەی مێژوویی، کاریزما، ڕابەر، پاوانخواز، ئۆتۆکرات، دیکتاتۆر، دەسەڵاتی شۆڕشگێڕ وهاوماناکانی باڵادەستن. ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێت کە لە بنچینەدا "دیمۆکراسی" زۆر هەژار وبێدەسەڵاتە. هەندێك لە ترۆپکی ئەو دەسەڵاتانە، لەدوای خۆیان هەوڵی دانانی نەوەکانی دوای خۆیان لە هەمان بنەماڵە دەدەن. ئەمەش پێشێلکارییەکی تەواو وبەرچاوی ڕایگشتی ومافی مرۆڤ وبنەماکانی دیمۆکراتییە..

---

[1] جیۆفەر ڕۆبێرتس، ئەلیستەیر ئێدواردس: فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری، و: محەمەد چیا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣

[2] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨

## ڕۆشنبیر وداکەوتی ژینگەی هەرێم:

بێمکووڕیکردن، هەموو تاکێك بەپێی ڕۆشنبیرییەکەی هەڵسوکەوت دەکات، واتە بەپێی ڕۆشنبیری ژینگەکەی. هەڵبەت، ژینگەکەشی، سەرجەمی ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە وەکی خۆی بیردەکەنەوە.[1] گەر بمانەوێت لە تەندروستی ژینگەی هەر کۆمەڵگایەك بکۆڵینەوە، سەرەتا پێویستە بە چاویلکەی ڕەخنە وهەڵسەنگاندن، بڕوانینە کایەی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری. پاشان، شەن وکەوی کاری میدیا ومیدیاکاران وڕۆڵی ڕۆشنبیران لە داهێنان وبەرهەمهێنانی فیکر ومەعریفەدا بکەین. دواتر، بە نۆرم وپێوەری زانستی وسەردەمیانە، چۆنیەتی وچەندێتی ڕەنگدانەوەی دەسەڵات لە سیاسەت، وخۆشگوزەرانی وگوزەر بەرەو دیمۆکراسی، یان داڕمان وشۆڕش وگوزەر بەرەو تۆتالیتاری هەڵبسەنگێنین. سەرەنجام، ڕۆڵی حکومەت، لە کلاۆڕۆژنەی ماف وئازادی ویەکسانی ودادپەروەریی کۆمەلآیەتی وفرەیی، ڕەخنەییانە گەنگەشە بکەین.

لە سەروبەندی ئەو پێودانگەی ئاماژەی پێدرا، وسەرباری تەواوی قەیرانەکانی هەرێم، بەلآم ناکرێ بە ڕەهایی بگوترێ ژینگەی هەرێم لە گوزەر بەرەو تۆتالیتاری ودیسپۆتیزم فراژووتبووە، هەروەك چۆن ناکرێ بگوترێ بەرەو دیمۆکراسیش گوزەری کردووە. جێی هێمابۆکردنە، سیاسەت بەپێی سروشتی دەسەلآت، ویستی تاکڕەویی، ناوەندگەری، سڕینەوە وپەراوێزخستنی ئەوانیتری هەیە. لە بەرانبەردا، سەرهەڵدانی دیمۆکراسی، بە پرۆسەیەکی "ناسروشتی" وبەدەر لە شێوازی ئاسایی سیاسەت، لەقەڵەم دەدرێ.

بەلآم، ئاخۆ خودی دیمۆکراسی یان باشتر وایە بڵێین گوزەر بەرەو دیمۆکراسی مەبەست لە چییە؟ تیۆرگەلێکی زانستی سیاسی، لە سادەترین پێناسەدا ئاماژە بەوە دەدەن کە پرۆسەی گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، لە لایەکەوە ولە ڕووی سیاسییەوە، بە مانای سەقامگیریی حکومەتێکی هەڵبژێردراو وبەرپرسە، لە ڕێگەی ململانێی ئازاد ودادپەروەرانەی نێوان هەموو هێزە سیاسییەکان. لە لایەکی تر ولە ڕووی کۆمەلآیەتیشەوە، بە واتای ئەوەی هەموو خەڵك خاوەن ئازادی ومافە مەدەنی وسیاسییەکان بن وئەنجوومەن وڕێکخراوی مەدەنی چالاك دروست بکەن.[2]

---

[1] کراسات السجن لانطونیو غرامشي: القسم الثالث، فلسفة الممارسة، ت: عادل غنیم، مصدر سابق، ص ٥٤

[2] د. حوسێن بەشیریە، گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەلەدبەگی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت– هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٤

**بەگوێرەی ئەو بەرسڤەی بۆ دەسەڵاتی ڕەوا جۆماڵ کرا، دەتوانین بڵێین داکەوتی ژینگەی هەرێم لە گوزەر بەرەو دیمۆکراسی، زۆر دوورە. بۆ تێچاندن لەسەر ئەم بابەتە، دەکرێ ئاماژە بە پێوەری ڕاستەقینەی ئەزموونی دیمۆکراسی وڵاتانی خۆرئاوا بدەین، کە بوونی دەسەڵاتی یاسایی ودەستووری، بوونی ماف وئازادییەکان، بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وبەشداری گشتی لە کاروباری سیاسیدایە.**

**کۆمەڵگایەك یان دەسەڵاتێك، کە بێبەش بێ لەم پێوەرە (حکومەت وکۆمەڵگای کوردی بە نموونە)، بێگومان بوونی بەشداری گشتی وکاریگەریی تاکەکان لەسەر چارەنووسی حکومەت وکۆمەڵگا، یان زۆر لاوازە یان هەر نییە. دەسەڵاتێکیش بەو جۆرە بێ، ڕەوایی وپشتیوانیی لەلایەن خەڵکەوە کەمدەبێتەوە یان نامێنێت. ئەو پێوەرەی باسکرا، دەبێتە دەسەڵاتی بێلایەن بۆ وڵاتان، واتە دەبێتە دیمۆکراسی ڕادیکاڵ ویەکسانی لە بەرژەوەندی تاکدا، ئەمەش دەبێتە بناغەیەکی شەرعی ویاسایی ورەوایی بۆ دیمۆکراسی ولە گشت قەیرانەکان ڕزگاری دەکات. بەڵام، دیمۆکراسی لە کوردستان، نەك بەهرەمەند نیە لە هیچ کام لەو بنەمایانە، بەڵکو خودی دەسەڵات وحکومەت، بوونەتە یان کراونەتە قەیران بۆ خەڵك.** [1]

**حکومەتی دیمۆکراسی، بریتییە لەو حکومەتەی ڕێگا دەدات کۆمەڵانی خەڵك بەشداری لە دەسەڵاتی فەرمانڕەواییدا بکەن. بانگەشە بۆ یەکسانی سیاسی ودژایەتی بیرۆکەی دەستکەوت وپاوانخوازی بۆ هەر چینێك لە چینەکان دەکات. حکومەتی دیمۆکراسی، جەخت لەسەر بیرۆکەی فەرمانڕەوایی زۆرینە دەکاتەوە، ویاساش لەلایەن ڕای گشتییەوە دەبێ پشتگیری بکرێ. سەرەڕای ئەوەش، متمانەیەکی زۆری بە توانای گەل هەیە، کە خۆیان دەتوانن فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن، ودەسەڵاتیش لە ڕەزامەندی گەلەوە سەرچاوە دەگرێ.** [2]

**لە نێوکۆی واقیعی ژینگەی هەرێمەوە، دەکرێ ڕۆڵ وکاری ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بخرێتەڕوو. سەرجەم بیرمەندان، کۆکن لەسەر ئەوەی ڕەنگە جەماوەر شۆڕش بکەن ورژێمێك بڕوخێنن، بەڵام تەنها نوخبەکانن کە دەتوانن بە کردارەکان، شێوازەکان وپەیمانەکانی خۆیان، لەبری ڕژێمێکی دیکتاتۆری**

---

[1] **نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٩)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢**

[2] **ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٣**

**دیکە، سیستمێکی دیمۆکراتی دابمەزرێنن.[1] کاتێك باس لە نوخبە دەکرێ، مەرج نییە تەنها سیاسەتمەداران ودەسەلأتداران بگرێتەوە، بەڵکو کە وترا توێژی دەستەبژێری کۆمەڵگا، بێشك تێکڕای کەسانی ڕۆشنبیر وزانایان وشارەزایان وپیشەوەران وسیاسەتمەدارن وتەنانەت سەربازانیش دەگرێتەوە. واتە، منەوەرانی سەرجەم چینەکان، کە لە خولگەی چینی دەسەلأتدا دەخولێنەوە، یان ڤێبەر وتەنی: ئەوانەی لەسەر سیاسەت دەژین.[2] خۆ ئەگەر بەپێی پێودانگی گرامشی بێ، سەرجەم کەسە ڕۆشنبیر وکارامەکان دەگرێتەوە کە لە ترۆپکی هیرارکیەتی دەسەلأتدا وەك مەکۆ، دێن ودەچن. چونکە توێژی دەسەلأت، لە ڕێی ڕاوێژکارانیەوە سیستمی حوکمڕانی ویاساگەلی کۆنترۆڵی کۆمەڵگا دادەڕێژێ. واتە، گرامشی وتەنی: ڕۆشنبیران، هاوشێوەی چیمەنتۆی ئۆرگانین، لە پێکەوەبەستنی بونیادی کۆمەلأیەتی وبونیادی سەرخان، کە یارمەتیدەر دەبێ لە پێکهێنانی بارستەیەکی مێژوویی.[3]**

**بە بڕوای بیرمەند، حوسێن بەشیریە، گوزەرە سەرکەوتووەکان بەرەو دیمۆکراسی، بەپێی ئەزموونە مێژووییەکان، بە زۆری لە سەرەوە ڕوویانداوە. شۆڕشەکان وجەماوەری شۆڕشگێڕ، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە گوزەر بەرەو دیمۆکراسی نەگێڕاوە.[4] واتە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە دەسەلأت لەڕێی توێژی ڕۆشنبیرانەوە سیاسەتی حوکمڕانی دادەڕێژن، ئەوا دەشکرێت منەوەران بەپێی توانا ولە کاتی ئەو داڕشتنەدا، دادوەرانە بەرژەوەندی گەل لەبەرچاو بگرن. لەبەرئەوەی، گوزەر وخۆشگوزەرانی کۆمەڵگا، لە دەستی دەسەلأتدایە نەك جەماوەر. بەلأم، ئەوەی لەبەرچاوە، پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلە. بەمانای، وێڕای بەرپرسیاریەتی سەرەکی دەسەلأتی حزب، منەوەرانی ئۆرگانیی کوردیش، ئەوانەی یارمەتیدەری ئاوەزی دەسەلأتن، هەردەم بەرژەوەندی حزب وتوێژی دەسەلأت لەبەرچاو دەگرن، چونکە بەرژەوەندی خۆشیان لەوەدایە.**

**ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە مێژووی سەرجەم ڕاپەڕینەکان وبزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان وهێزە سیاسییە کوردییەکان، تا هەنووکە، نەیتوانیوە لە پێناو گوزەر بەرەو دیمۆکراسی ولە ڕێی هەوڵەکانیەوە، شۆڕشێکی فیکری لە کۆمەڵگای کوردیدا بخوڵقێنێ، تەنانەت تاکە کتێبێکی فەلسەفی دابڕێژێ. سەرجەمیان، لەبری فەلسەفەی مرۆڤایەتی وپلورالیزم وکۆمەڵگای خۆشگوزەران، کە**

---

[1] د. حوسێن بەشیریە، گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەلەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

[2] السياسة كمهنة: مغرس، محرك بحث اخباري، ٢/ ١/ ٢٠١٦، www.maghress.com

[3] حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠١٢، ص ٤٤

[4] د. حوسێن بەشیریە، گوزەر بەرەو دیموکراسی، و: ئازاد وەلەدبەگی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

مەرجی سەرەکی گوزەرە، دیوەخانی حزب وناوچەگەریی وخێڵایەتی، سەردەفتەری کارەکانیانە. بە کوردی وبە کورتی، ئێمە گەلێکین، هێشتا مێژوو لامان بە کۆتا نەگەیشتووە.

لێرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، مەحاڵە شۆڕشی سیاسی بە بێ فەراهەمبوونی پێشوەختی شۆڕشی فیکریی، خۆی ڕابگرێ. هەڵبەت، شۆڕشی فیکریش بەبێ میکانیزمی ڕیفۆرمی ئاییینی، مەحاڵە پێزی هەبێ. واتە، بۆیە مێژووی خەباتگەلی کورد بە دوا مەنزڵگە نەگەیشتووە، لەبەرئەوەی هەرگیز نەمانتوانیوە فەلسەفییانە، ڕیفۆرمی ئایینیی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەنجام بدەین. بەمەش، ئەقڵییەتی تاکی کورد کۆنەوارەتی، بە چەقبەستوویی ودۆگمایی وفراژووت لە خورافیاتدا چەقیوە. وەلێ، هیچ بوارێکیش بۆ ئازادی ڕادەربڕین نامێنێ، لەبری کرانەوە وئایدیۆلۆژیای فیکریی چەشەکراو بە پلورالیزم وڕێژەگەری، ئایدیۆلۆژیای ئایینیی چەشەکراو بە سەلەفیزم وفەندەمێنتالیزم وڕەهایی بالادەست دەبێ. ئوسوڵیەتیش، هەردەم خوازیاری ئوممەی ئیسلامی بووە بە گشتی، نەك ئوممەی کوردی بەتایبەتی. هەربۆیە، بزوتنەوەکانمان، لەبری سەرکردەی نەتەوەیی وسەرتاسەری، سەرکردەی پۆپۆلیستی وناوچەیی بەرهەم هانیوە. لەبەرئەوە، گوزەری تەندروست وگێڕانەوەی شکۆ وکەرامەت بۆ تاك وکۆمەڵگای کوردی، ئەرکی ئەخلاقی ونەبڕاوەی ڕۆشنبیری کورد دەبێ.

## تەوەری چوارەم:-

## چەمکی لێکبوردن:

لێکبوردن یان لێکبوردەیی، وەك وشە، لە زمانی ئینگلیزیدا toleranceە، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی tolerare یان toleratusی لاتینییەوە هاتووە، کە بە مانای خۆگرتن یان ئارامگرتن یا لێبوردنی زمانی کوردی دێت. لە مێژووی نوێدا، بانگەشەی لێبوردەیی، بەهۆی کاریگەریی ئەو ڕووداوانەی ئەوروپا بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لە نێوان هەردوو سەدەی شازدەهەم وحەڤدەهەمدا، لە ئاکامی گەرمبوونی دەمارگیری ئایینیی وغیابی لێبوردەیی ودروستبوونی جەنگ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئایینی مەسیحییەتدا هاتە کایەوە. [١]

---

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٩)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧

لێکبوردن یان لێبوردەیی، بە مانای نوێ، پەیوەستە بە ئازادی بیروڕاوە، چونکە پێیوایە هەموو بۆچوونەکان هاوتان، هیچ بۆچوونێك لەویتر باشتر نییە، تەنانەت ئەگەر لایشی وابێ بۆچوونێکیتر هەڵەیە، ڕێگە نادات بۆچوونی خۆیی بەسەردا بسەپێنێت. لەم حاڵەتەدا، کەسی لێبوردە، کاتێك کارێکی دژ بە باوەڕی خۆی دەبینێ، کاردانەوە نانوێنێ وڕقی خۆی بۆ باوەڕی ئەوانیتر دەرنابڕێ، بەڵکو وەك کەسێکی ڕۆشنبیر وتێگەیشتوو خۆی دەنوێنێ. لێبوردەیی، یان دینییە یان مەدەنییە، لێبوردەیی دینی پەیوەستە بە باوەڕ وئیمانەوە، مەدەنیش پەیوەستە بە مەزهەبە سیاسی وهێزە کاراکانی نێو دەوڵەتەوە.[١]

بیرمەند، کارڵ پۆپەر، لە نووسینێکیدا بە ناوی "لێکبوردن وبەرپرسیاریەتی فیکری" دەڵێ: "سەرەتا، لەوە ناچێت چیدی لێکبوردن کێشەیەك دروست بکات لانیکەم لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا. ئاشکرایە، هەموو تاکە کەسێك لە کۆمەڵگا کراوەکانی ڕۆژئاوا، خۆی لە هەڵوێستێکدا دەبینێتەوە کە لەلایەن کەسانی دییەوە جێی لێبوردنە، هەموو کەسێك بە گشتی زۆر زیاتر لەوەی بڕوای بە دیموکراسی هەبێ، بڕوای بە لێکبوردن هەیە. کەس ئەم شتەی هێندەی ڤۆڵتێر بە ڕوونی نەبینی، وکەسیش هێندەی ئەو بە جوانی دەرینەبڕی، کاتێك نووسیبووی: ((لێکبوردن چییە؟ لێکبوردن، دەرەنجامێکی لکاوە بە بوونی مرۆڤایەتیمانەوە. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازیین، هەموومان لەرزۆکین وهەڵە دەکەین. لەبەرئەوە، لێگەڕێ لە شێتی یەکدی بەرانبەر بە یەك ببورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشت، وبنەمای یەکەمی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ.)) من، زۆر بەم دەربڕینەی ڤۆڵتێر سەرسامم، بەڵگەکانی زۆر تۆکمەن ولەسەر ئەو دیدەی سوکرات دامەزراوە، کە دەڵێ: (من دەزانم کە نازانم). زانینی ئەم ڕاستییەش، بەسە بۆئەوەی داوا لە یەکدی بکەین بەشێوەیەکی دوولایەنە لە یەکدی ببورین. بەڵام، گەر هێرشکرایە سەر بیرۆکەی لێکبوردن، ئەوا ئەمە بە تەنیا بەس نییە. ڤۆڵتێر، بە ڕوونی ئەوەشی دەبینی، کە دەبێ لێکبوردن دوولایەنە بێ، واتە دەبێ لەسەر بنەمای بەرانبەر (تقابل) بێ.[٢]

هەرچی کۆمەڵگا نادیموکراسی ونەکراوەکانی جیهانی سێیە، چەمکی لێکبوردن زۆر کاڵ وکرچە تیایدا. بیرمەندان وڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەڵگایانە، لەو باوەڕەدان کەسی توندڕەو وپەڕگیر،

---

[١] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی دلێر- سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٢، ل ١٦٠

[٢] چەند نووسەرێك: چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، و: ڕێبین هەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩

قوربانییەکە وپێویستە لەسەر ڕۆشنبیر ڕزگاری بکات. لەبەرئەوەی، ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە تێگەیشتنی داکەوتی کۆمەڵگە زۆر کاریگەرە، وتوانای هەستکردن بە گیروگرفتەکانی فیکر وڕۆشنبیری هەیە، بەوەی ئیلهام لە بیرۆکەکان وەردەگرێ. کەواتە، بنچینەی توندڕەوی، پەیوەستە بە تێگەیشتنی هەڵە وفیکری دۆگماوە. هەربۆیە، ئەدەبی لێبوردەیی، دەشێت ئامڕاز وکەناڵێکی گرنگی لێخۆشبوون وبەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە توندڕەوەکان بێ، یارمەتیدەر ودەرخستەی پێناسەی ڕۆشنبیریی تاکی لێبوردە بەرانبەر بەوانیتر بێ. ئەمەش، بە ڕوومالْ وتاووتوێکردنی کێشە هزری وهەڵسوکەوتە کۆمەلأیەتییەکان دەبێ، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی لێکبوردەیی ئەم کۆمەڵگایانەن. کەواتە، لێکبوردن، حاڵەتێکە مرۆڤ لەگەڵیدا دەژی وئاوێنەی هەڵسوکەوت وژینگەی کۆمەڵگاکەیەتی.[١]

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین لێکبوردن (تسامح)، لە غیابەکانی کەلتووری ئێمەشە. خۆ ئەگەر هەشبێت، یان خەسڵەتێکی تاکییە یا بێتوانایی یاخود شتێکی لاگرنگنەبووە. ڕەنگە دەیان هۆ بۆ ئەم غیابە بدۆزینەوە، بەلأم بە هیچ بەڵگەیەك پاساو بۆ نەبوونی نایەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی لە نێو خۆماندا بەردەوام خەریکی لاوازکردنی لێکبوردنین.[٢] ئەوەش ژبیر نەکەین، چەمکی لێکبوردن وچەمکی یەکسانی، دوو چەمکی گرنگ وسەرەکی نێو هەر سیاسەتێکی سەرکەوتووی پاراستنی پلورالیزمە، لە دنیای مۆدێرندا.[٣] لەبەرئەوەی، چەمکی لێکبوردن، متمانە وهاریکاری نێوان هاوولأتیان ودەوڵەت دەهێنێتە ئاراوە.[٤]

## ئەوەی ڕۆشنبیری کورد پێویستە بیکات:

---

[١] عبدالرحمن العكيمي: مثقفون يطالبون بتفكيك خطاب المتشدد بالادب المتسامح، صحيفة عكاظ، ١/ ابريل/ ٢٠١٧، ٢٠١٧، okaz.com.sa

[٢] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٨)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٧٩

[٣] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانە- تاران، ٢٠١٦، ل ٢٧٢

[٤] ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٦)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦

بیرمەند، گرامشی، دەیگوت: "هەموو مرۆڤێك ڕۆشنبیرە، بەڵام هەموو مرۆڤێك کاری ڕۆشنبیر ناکات." [1] واتە، دەشێت هەموو کەسێك بەپێی زانیاری وزمانزانی ولێوەشاوەیی وکارامەیی خۆی، وەکی ڕۆشنبیرێك بدوێ وتێبفکرێ وهەلومەرجی ساتی ومێژوویی کۆمەڵگا وجیهان تاوتوێ بکات، بەڵام مەرج نییە وەکی ڕۆشنبیرێك هەڵی کار ومیدیاکاریی وبواری نووسین ودەرکەوتنی بۆ بڕەخسێ. لێرەوەبوو، چەمکی ڕۆشنبیری ئۆرگانیی ونەریتیی هێنایە کایەوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا.

دیارە، یەکەمیان بە کاریگەریی دەسەڵات ئەمیش کاریگەر دەبێ، چونکە گرامشی وتەنی، هەموو چینێکی کۆمەڵگا ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆی بەرهەمدێنێ. لەبەرئەوە، زۆر بە توندی پابەست دەبێ بە ناوەندەکەیەوە، ئەوجا سەرسەختانەش لە ڕێی ئەپستمۆلۆژیا وئایدیۆلۆژیا وتیۆرگەلی نوێوە داکۆکی لێدەکات، چونکە یەك بەرژەوەندی کۆیاندەکاتەوە. هەڵبەت، بە نەمانی ئەو بەرژەوەندییەش، دەشێت لە ڕووی پراگماتیزم وئۆتۆریتی وئەپستمۆلۆژی وئۆنتۆلۆژییەوە، بوونی هەرتکیان بکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام، هەموو ئەوانەی وتران، بەسەر دووەمیاندا جێبەجێ نابێ، لەبەرئەوەی پێناچێ پێگەیەکی ئەوتۆی لە ناو کۆمەڵگا بە گشتی وتوێژەکەی بەتایبەتی هەبێ، وێڕای دوورەپەرێزی لە بەرژەوەندی وململانێ وئاریشەی نێو کۆمەڵگا، لەگەڵئەوەشدا سەرسەختانە داکۆکی لە بێلایەنی وسەربەخۆبوونی خۆی دەکات.

لێرەوە، لە دەم هەگبەی گرامشییەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی ڕێگای بەرگریکردن لە بەرژەوەندی چینایەتی دەگرنەبەر، دەکرێ بە ڕۆشنبیری ئۆرگانی ناوزەد بکرێن. بەڵام، ئاستی چینەکان، دوا وتە ودوا هەڵاوێردییە. بەوەی کەسی ڕۆشنبیر وتوێژی دەسەڵات، کە لێرەدا مەبەست وتیشك خراوەتە سەر دەسەڵات، لە یەك ستراکتووری بەرژەوەندی ومیدیایی وبازنەیی داخراودا ئاوێتە دەبن، بگرە خودی ئەو ڕۆشنبیرانەش دەبنە کەرەستەیەکی خاوی بەیەکەوەگرێدانی بەرژەوەندی توێژی دەسەڵات ودەوڵەت. ئیدی، خودی دەوڵەت دەبێتە ئامراز وپاشکۆی سیستم ودەسەڵاتی فەرمانڕەوا. ئەم حاڵەتە، ڕێك لەگەڵ بۆچوونەکانی مارکس وئەنگڵسدا یەکانگیر دەبێ، کاتێك دەیانگوت: "دەوڵەت، کەرەستەی دەستی توێژی دەسەڵاتدارە." [2]

---

[1] محسن البلاسي: من هو المثقف العضوي، مرکز آفاق اشتراکیة– القاهرة، ٣/ ٢/ ٢٠١٥، www. afaqeg .com

[2] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٣

هەژیی گۆتنە، مارکسیزم، هەردەم وەکی ئامرازێکی شۆڕشگێڕیی سەیری ڕۆشنبیری وهونەری کردووە.[1] تەنانەت، خودی گرامشی، وەك جەنگاوەر لە کەسی ڕۆشنبیری ڕوانیوە. ناوبراو، لە ئاماژەدان بە ململانێی ئایدیۆلۆژی وچینایەتی، وتبووی: "ڕۆشنبیران ڕۆڵی جەنگاوەر وشەڕکەر دەبینن، لەبەرئەوە دەبێ پشت بە باشترین وتازەترین ئایدیۆلۆژیا وتیۆرەی زانستی ببەستن، بۆ بردنەوەی ئەو شەڕەی دەستیانپێکردووە." پێشتریش، لینین جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە، کە ئەم جەنگاوەرانە تەنها لە ڕێی باشترین وتازەترین تیۆرەی پێشکەوتوخواز وئایدیۆلۆژیاوە، دەتوانن کارەکانیان جێبەجێ بکەن.[2] ئەمە وێڕای ئەوەی مارکسیزم، هەردەم سیاسەتیشی وەك بەشێك لە ئابووری سەیرکردووە.[3]

بەڵام، ئەوەش ڕوونە کە لەم سەروبەندەدا، گەلەبەرهەمی هزری ڕۆشنبیر دەبێتە کاڵایەك بۆ فرۆشتن. واتە، گەرچی ئایدیا چڵەپۆپەی سەرخانە، بەڵام دواتر دەبێتە کاڵایەکی ڕەنگاڵە وبابردەڵەی ئابووری ژێرخان. هەڵبەت، توێژی دەسەڵات، لە ڕێی سەرجەم تیۆر وهزر وئایدیۆلۆژیا وئامرازگەل وهۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە، لە ململانێ لەگەڵ چینەکانی تری کۆمەڵگادا سەرکەوتوو دەبێ. وەك ئەوەی گرامشی دەیگوت: هەژموون بەسەر ڕۆشنبیریدا، ئامرازێکە بۆ مانەوە لە حوکمدا. بەڵام، لێرەدا ئەو هەقیقەتەش ڕاست دەبێتەوە، کە ئایا لەم حاڵەتانەی باسکران بەهای ئازادی وئازادبوونی بوون وخامەی ڕۆشنبیر بەکوێ دەگات؟ وەڵێ، مێژووی فەلسەفە وفەلسەفەی مێژوو، گەواهی ئەوە دەدەن کە چەمکی ئازادی بە چەندەها قۆناغ وهەوراز ونشێویدا گەیشتووەتە کامڵبوونی خۆی.

بیرمەند وداکۆکیکەری پلوراڵیزم، هانا ئارێنت، هەردەم دەیگوت: "ئازادی وسیاسەت، وەك دوو ڕووی دراوێك پێکەوە گرێدراون."[4] واتە، ئازادی وسیاسەت، گەرچی دوالیزمێکی لێکدانەبڕاوی کۆمەڵگای سیاسین، بەڵام هەموو کات پێچەوانەی یەکتر کاریانکردووە. دیارە، سیاسەت لەلایەن سیاسییەکانەوە کارتیادەکرێ، هەروەك چۆن ئازادیش لەلایەن ئازادیخوازانەوە. وەڵێ، کرداری

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٢٠

[2] محسن البلاسي: من هو المثقف العضوي، مركز آفاق اشتراكية- القاهرة، ٣/ ٢/ ٢٠١٥، www. afaqeg .com

[3] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦

[4] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٥، ل ١٧

پێچەوانەش لەوەدایە، تا ئەو ڕووبەرەی لەلایەن سیاسییەکانەوە داگیرکراوە بچووک ببێتەوە، ئیدی ڕووبەری ئازادی گەورەتر دەبێ. پێشتریش، مامۆستای لیبراڵیزم، سپینۆزای گەورە فەیلەسووف وتبووی: "هێزی گەورەی کۆمەڵگا، لەوەدایە کە زۆرترین بڕی ئازادی دەستەبەر بکات." [1] کەواتە، کاری نەبڕاوە وسەرەکی دەسەڵاتی سیاسی، فەراهەمکردنی زۆرترین بڕی ئازادییە، کە تەواوی تاکەکان بێ جیاوازی سوودمەندبن لێی. لێرەوە، پێویستە دەسەڵات یەکەم هەنگاوی کردەیی ئازادی لە کۆمەڵگای سیاسیدا هەڵنێت، ئەویش ئەوەیە کە: "ئازادی کەسێك، پەیوەستە بە ژمارەی ئەو بژاردە کراوانەی لەبەردەمیدان." [2]

دەوترێت: "ڕۆشنبیری، سەرنجی سیاسەتمەداران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ." [3] بەڵام، لێرەدا مەبەستەکە ئەوە نییە کە سیاسەتڤانان وەك گرووپی ڕووناکبیری نیشتمانپەروەربن، بەڵکو بە نەرێنی وبەپێچەوانەوە، کێشەکە لەوەدایە خودی ڕۆشنبیری ببێتە ئامرازی دەستی سیاسەت. هەرچەندە، گرنگیدانی دروستی سیاسەت بە ڕۆشنبیری وپەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەکی، بە سوودی کۆمەڵایەتی دادەنرێ. بەڵام، ئەوەی ناقۆڵا وناتەندروستە، هەقیقەتی بوونی ڕۆشنبیرییە بە بەش وکاتێگۆرییەك لە سیاسەت. گیڤارای شۆڕشگێر، هەردەم دەیگوت: " هیچ شتێك بەقەد ناپاکی پێنووس خراپ نییە، فیشەکی ناپاك کەسانێك دەکوژێ، بەڵام پێنووسی ناپاك نەتەوەگەلێ دەکوژێ." کەواتە بۆ ڕێگریکردن لەم کارە ناهەموارەی سیاسەت وسیاسەتوانان، هەوڵدان بۆ بەرتەسککردنەوەی سنووری دەسەڵاتیانە، بەمەش ڕووبەر وسنووری ئازادی، هێدی هێدی فراوان دەبێ. بێشك، هەرکاتێك ئازادی دەستپێبکات، سیاسەت کۆتایی دێت. [4]

ئەمە، پوختەیەکی پێویست بوو دەربارەی ئازادی وپێگە وڕۆڵی ڕۆشنبیر وکارلێکیان لەگەڵ ژینگەی سیاسی یەکەی سیاسیدا. پاشان، دەکرێ ئەم ڕاستییانەی ئاماژەیان پێدرا، بەسەر داکەوتی هەرێمی کوردستاندا پراکتیزە بکرێ، بەوەی ئاخۆ، ئیرادە وڕۆڵ وپێگەی ڕۆشنبیری کورد بە کوێ

---

[1] د. زەکەریا ئیبراهیم: کێشەی ئازادی سیاسی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١١

[2] دەیڤد میلەر: فەلسەفەی سیاسی، ناساندنێکی زۆر کورت، و: کارزان کاوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٢٧

[3] ت. س. اليوت: ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ت: شكري عياد، مصدر سابق، ص ١١٥

[4] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨

گەیشتووە؟ سنوورەکانی ئازادی ولێکبوردەیی وکایەی دەسەڵات وسیاسەت تا کوێیە؟ ئایا، ئەم فاکتانە لەگەڵ داکەوتی ژینگەی هەرێمدا دێنەوە؟

جێی ئاماژەپێکردنە، لە نوێبوونەوەی کایەی سیاسیدا، کۆمەڵگا بۆ یەکەمجار شێوازێکی کۆنتراکتی وەردەگرێت. واتە، کۆمەڵگا، جارێکیتر لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی خۆی وسیستمە سیاسییەکەی ڕێکدەخاتەوە. ئینسان، لەم پەیمانە کۆمەڵایەتییەدا، لە ڕەعیەتەوە دەبێتە هاووڵاتی خاوەن ماف، کەسی دەسەڵاتداریش لە بوونەوەرێکی خاوەن دەسەڵاتی ڕەهاوە، دەبێتە کەسێك کە بەندەکانی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە، سنوور بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی دادەنێت. دەوڵەتیش، لە ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارەوە، دەبێتە دەزگایەکی گشتی سەرووی کۆمەڵگا. بەپلەی یەکەم، ڕۆڵی ناوبژیوان لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەبینێت. لەم ئاستەشدا، باس لە دروستبوون وهاتنەکایەی تاکەکەسی ئازاد وڕەخنەگرتن دەکرێت.[1] بەڵام، کاتێك سیاسەت دەبێتە دەسەڵات، ئیدی گەل دەکەوێتە ئەو دۆخەی ناچارە ملکەچ بێت. بەمەش، پێناسەکردنی سیاسەت بە گەڕانەوە بۆ هێز، دوچاری ڕەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە.[2]

بێ سێ ودوو، پێویستە هێز یان هەژموون، تەنها لە دەستی حکومەتی یاسا ومافدا بێت، ئەو پرەنسیپە هێزدارییەش بەرهەم بهێنێ کە کۆمەڵناسی ئەڵمان، ماکس ڤێیبەر، ناوی نابوو "پاوانکردنی هێز وهەژموونی ڕەوا." سەرەنجام، هیگڵ وتەنی: "سیاسەت، ئاکامی ئەقڵانیەتکردنی واقعیەت وژیانە." واتە، ئەوەی ئەقڵانییە واقیعییە، ئەوەشی واقیعییە ئەقڵانییە.[3] لەم ڕوانگە یاسایی ودیمۆکراسی وئەقڵانییەوە، سیاسەت ودەسەڵات نابێت ڕێگە بدات ڕەوشی سیاسی وکۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی توندوتیژی وجەنگی تاك دژی تاك وهەموان دژی هەموان.[4] بەڵکو، سیاسەت،

---

[1] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆریی کولتوورییە، ژمارە (١)، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٧- ٨

[2] ئەسعەد موفەڕیج: سیاسەت لە نێوان بیر وجێبەجێکردندا، و: مزەفەر عەبدولوەهاب، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٤١

[3] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥، ل ١٢

[4] احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الفكر والتوعيه للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠١٢، ص ٣٢

دەبێ توندوتیژی وترس ونائارامی نەهێڵێت، بە ئاڕاستەی پێکەوە ژیان وئاشتی وئازادی.[1]

هەڵبەت، لە ئێستای هەرێمدا، وێڕای نەخەملێنی دەوڵەت، هەرگیز داڕشتنەوەی کایەی سیاسیش، شێوازی کۆنتراکتی وەرنەگرتووە. ناکرێ، وێنای پەیمانی کۆمەڵایەتی ودەسەڵاتی سنوورداری ڕەوا وهاووڵاتی خاوەن ماف وئازادی بکرێ. ئەوەی هەیە، دەسەڵاتێکی بێمنەت وڕەعیەت وقەیران وڕەخنەگرتنە. واتە، واقیعی سیاسی هەرێم، نە ئەقڵانییە نە واقیعی، یان ئەوەی فەیلەسووفی ڕەوایی، هابرماس، ناوی دەنێ (قەیرانی ئەقڵانیەت).[2] بۆئەوەی، لە هەلومەرجی هەرێم زیاتر ئاشنابین، پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەکات.

بیرمەند، مەریوان وریا قانع لە کتێبی مرۆڤ وکەرامەتدا دەڵێ: سیانەی کەرامەت وداگیرکردن وخەباتی نیشتمانی، سیانەیەکی لێکدانەبڕاون.[3] وێڕای پراکتیزەکردنی مەبەستی ئەم وتەزایە بەسەر میللەتاندا بە گشتی، بەڵام دەکرێت لە ڕوانگەی کەرامەتەوە بەسەر هەرێمیشدا پراکتیزە بکرێ بەتایبەتی. بەوەی، هەر کاتێك کەرامەتی مرۆڤێك داگیر وشکێنرا، بێگومان لێکبوردەیی دەبێتە ئەندێشە، ڕەخنەگرتن وتوندوتیژیش دەبێتە واقیع وئەرك. هەڵبەت، ڕووپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد، بابەتی زۆری شکاندنی کەرامەت وداگیرکاری وخەباتی نیشتمانی تێدا تۆمار کراوە. مەخابن، لە ئێستاشدا، شکاندنی کەرامەت دووبارە دەبێتەوە. وەلێ، کۆمەبەست، هەڵسوکەوتی ڕۆشنبیرە لەگەڵ چەمکگەلی کەرامەت وتوندوتیژی وڕەخنە ولێکبوردەیی.

دەوترێت: گەر دوو ڕۆشنبیر وەك یەك بیریانکردەوە، بێگومان یەکێکیان زیادە. واتە، ناکرێ من وتۆ هەمان بیرکردنەوە وبۆچوون وڕوانگەمان هەبێ، بەڵام دەکرێ هەمان تێڕوانین ولێکدانەوەمان بۆ بابەتە چارەنووسساز وهەستیارەکان هەبێ. هیگڵ، دەڵێ: "مێژووی فەلسەفە، وەك بەشێك لە چالاکی مرۆیی سەردەمەکەی خۆی، لە دواقۆناغدا دەبێ بە هەقیقەتی ڕەها بگات."[4] واتە، ئەرکی نەبڕاوەی فەلسەفە لە مێژوودا، دۆزینەوەی ئەو هزرانەیە کە بە شێوەیەکی لۆژیکی باس لە هەقیقەت

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، نیسان ٢٠١٢، ل ٥٩

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٩)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

[3] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥

[4] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢١

دەکەن، ئەو هەقیقەتەی هەموو بوون وگشت ڕاستییەك لەخۆدەگرێ. هەڵبەت، ئەرکی فەیلەسووفیش، ڕێنوێنیکردن وبەرچاوڕوونییە بۆ گەیشتن بەو بیرۆکە لۆژیکییانە. بە گەڕانەوە بۆ بابەتەکەمان، ڕۆشنبیری وەك چالاکی مرۆیی، دەبێ کۆمەڵ بە هەقیقەتی ڕەها ئاشنا بکات، ڕووناکبیریش فەیلەسووف ئاسا، لە بەرانبەر دەرخستنی ئەو هەقیقەتە ڕەهایەدا، نابێ بسڵەمێتەوە وهەڵوێستی ڕاگوزەرانەی دوور لە ئیتیکی کارەکەی هەبێ. بەڵکو، پێویستە کەسێکی ڕاستاڵ بێ، تێکڕای کێشە وقەیرانەکان، لە بیرۆکەیەکی ئاوەزمەندانەی گشتگیری ڕەهادا چێبکات، چونکە داخوازی سەردەمە.

ئەمڕۆ، گێتی بە توانای بیرمەندان وڕۆشنبیرانی، لە هەوڵی چوونە ناو سەردەمی پاش پۆست مۆدێرنەیە، ئاوەزباوەڕیی وفرەیی ولێکبوردەیی، سیمای سەرەکی وڵاتانی پێشکەوتووە. بەمانای، فیکری فرەیی، فیکری پۆست مۆدێرنەیە. ١ کەوابێ، ئێمەی کورد، مارکس وتەنی: ئیدی خۆمان دەبێ مێژووی خۆمان دروست بکەین، [٢] خۆمان بە ڕۆشنبیری سەردەمی نوێ تەیار بکەین. ئەوەش، ئەرکی یەکەمی ڕۆشنبیرانمانە، کە بیرۆکەی هەقیقەتی ڕەها، ئاوێزان بە دێمۆکراسییەتی لانی زۆر ولێکبوردەیی بەرهەمبێ بکەن. ڕەخنەگرانە وپەیگیرانە، دوور لە پەڕگیریی ودەمارگیری حزبی وناوچەگەریی، ڕاستییەکان بخەنەڕوو، لێکدانەوەی مێژوویی ڕەخنەیی زانستیی بۆ داکەوتی هەرێم بکەن، یاسای دیالێکتیك بخەنەگەڕ، یان ئەوەی بیرمەند محەمەد ئارکۆن ناوی دەنێ (بەرهەمهێنانی ڕووخێنەر بۆ مرۆڤ)، واتە لەسەر داروپەردووی مرۆڤی کۆن وتەقدیسی کۆن، مرۆڤی نوێ بونیاد بنێنەوە، [٣] جورئەت بکەن بن بەوەی کە هەن. بێگومان، سەرخستنی ئەم هەوڵەش، یاخود بەرەوپێشچوونی بزاوتی مێژووی فەلسەفە، لە بیریاران وڕۆشنبیران، قوربانیدانی دەوێ. هەڵبەت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی چیتر ئێمەش نەڵێین: من وترس دوانەی یەك سکین. [٤]

گەر لە کلاوڕۆژنەی مێژووی فیکر وفەلسەفەی ڕۆژئاواوە، چاوێك بە مێژووی گەلی کورددا بخشێنین، هەڵبەت جۆرە لێکچوونێك بەدی دەکەین، بەلام بە دیوە نەرێنییەکەیدا. سەرەتا، با لە خستنەڕووی سەردەم وئەپستیمە جیاجیاکانی ڕۆژئاواوە دەست پێبکەین، کە مێژووی فەلسەفەیە.

---

[١] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣

[٢] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٠

[٣] هاشم ساڵح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١، ل ٧٥

[٤] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧

**هەڵبەت، سەدەکانی ناوەڕاست، وێڕای پیوار (غیاب)ی ئاوەزی ڕۆشنگەری وژیربێژی، لاهووت وحیکایەتە ئەفسانەییە ئایینییەکانیش لە برەودا بوون. هەربۆیە، ڕێنیسانس، وەکی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی فریادڕەس، سەرەتای گۆڕانکارییەکان بووە، دانتێی شاعیریش، سەرقافڵەی ئەو گۆڕانکارییە بووە کە کۆتاییەکەی بە ڕیفۆرمی ئایینیی لۆسەری دێت. ئیدی لێرەوە، ڕادیکاڵترین قۆناغ بەرجەستە دەبێت کە ڕۆشنگەرییە، واتە سەرەتای مەرگی حیکایەتە ئایینییەکان.١ گومانکردن ولێکۆڵینەوە وگرنگیدانیش بە ئەقڵ، سیمای سەرەکی قۆناغەکەیە. دیارە، کانتی فەیلەسووفیش، مامۆستای سەردەمەکەیە، کە وتبووی: "بوێربە، بتوانە عەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربهێنە." ٢**

**دوای شۆڕشی فەرەنسی، ئەم گۆڕانکارییانە، هاندەر دەبن کە ئەقڵ (تازەگەریی) بکاتە پێوەر وبرەوی زیاتر بە گومان بدات. دەوڵەتی نەتەوەیی، شۆڕشی پیشەسازی، ئاوەزمەندی، گەشەی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی فیکری وبۆرژواش، مۆرکی سەردەمی مۆدێرنە بوون. ئەقڵ، ڕەهایی بەدەست دێنێ، وبیرگەلی ئەرێنی ونەرێنی هیومانیزم وفاشیزم بەرهەمدێ، ئایدیۆلۆژیای حیکایەتە گەورەکانی مۆدێرنە، مژدەی خۆشگوزەرانی بە مرۆڤایەتی دەبەخشن. بەڵام، ئەو بەهەشتە، کاروان کوژەیەك دەبێ وجیهانیش ڕووبەڕووی دوو جەنگی جیهانی وماڵوێرانییەکی ڕەها دەبێتەوە. ئیدی، بێزاربوون لە ڕەهایی ئەقڵ وپۆزەتیڤیزم وتۆتالیتاریزم ومیلیتاریزم وڕاسیزم، کەشێکی ئەوتۆ دێننە کایەوە کە تازەگەریی لە تازەگەریدا بکرێت، سنوور بۆ ئەقڵ وتواناکانی دابنرێ، لەبری ڕەهایی، ڕێژەگەریی پیادەبکرێ وگومان لە گومان بکرێتەوە، مەرگی حیکایەتە گەورەکانی خودی مۆدێرنە دووبارەبێتەوە. ٣ وەلێ، پەسەندکردنی (جیاوازی)، سیمای سەرەکی قۆناغی پۆست مۆدێرنە دەبێ. لەم قۆناغە نوێیەدا، کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، لەبری ترس وتۆقین وجەنگی گەردوونیی، ئیدی خوازیاری پێکەوەژیان وئاشتی ودێمۆکراسین. (یەکسانی وکەرامەت وپلوراڵیزم) ٤ کە دەوترێت سێ چەمکی دونیای مۆدێرنەن، لەم قۆناغەدا زیاتر پراکتیزە دەبن. هەربۆیە، تاکی پۆست مۆدێرنە، هەردەم سڵ لە نەهامەتییەکانی ئەقڵی مۆدێرنە وئەگەری هەر مەرگەساتێکی کتوپڕ دەکاتەوە.**

---

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣

[2] سمیر بلكیف: مقال، ماذا يعني ان يكون الانسان مواطنا؟، موقع الحوار، ٢٠١٦، elhiwardz.com

[3] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤

[4] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣

هیوادارم ئەم بەرکوڵەی مێژووی فیکر وفەلسەفەی رۆژئاوا، پاسادانی پێناسگەلی کردبێ. ئیدی پێویستە، هەڵاوێردێك لە نێوان واقیعی ئەوروپا وکوردستاندا بکەین. سەرەتا، گەر باس لە سەدەکانی ناوەڕاست بکەین، بێگومان خۆمانی تێدا دەبینینەوە، بەوەی حیکایەتە ئەفسانەییە گەورەکانی ئایین لە برەودان، هاوتەریب بە پیواری ئەقڵ ولۆژیك. ئەوجا، قۆناغگەلی ڕێنیسانس وڕۆشنگەری ومۆدێرنە، بێجگەلە تراویلکە، هیچی دی نییە. بەڵام، کاتێك پێدەنێینە پۆست مۆدێرنە، هەروەك چۆن ڕۆشنبیرێکی ئەوروپی ئەم سەردەمە، هەردەم بەگومانەوە لە تواناکانی ئەقڵی مۆدێرنە وئەگەرە نادیارەکانی دەسڵەمییەوە، بە هەمان شێوە تاکی کوردیش لە ڕووی (ترس وگومانەوە نەك پێشکەوتن وکاریگەریی ماس میدیا)، دەسڵەمێتەوە. واتە، ترس لە دووبارەبوونەوەی جینۆساید وئەنفال وکیمیایی ومالۆێرانی. چونکە، بەعسیزم، ئایدیۆلۆژیای سەردەمی مۆدێرنە بوو. ١

لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین تاکی کورد قاچێکی لە سەدەکانی ناوەڕاست وئەوی تری لە پۆست مۆدێرنەدایە. بەمانای، تاکێکی باوەڕدار بە ئەفسانە ئایینییەکان وبەگومان لە ئاییندە. دیارە، ڕۆشنبیری دەسەڵات، ئەو داکەوتەی خوڵقاندووە کە ئایین وئایدیۆلۆژیا مژدەبەخشەکان کاریگەری بەرچاوی هەبێت. ئەوجا، دەزگا بێرۆکراسییەکان، بە زەبری قەڵەمی ئۆرگانیی ئەو کارە فەراهەم دەکەن. ئاخۆ، ئێمە بەم کارە مێژووی مۆدێرنە دووبارە دەکەینەوە؟ نەخێر، چونکە مۆدێرنە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، قۆناغی تازەگەریی وگومانکردن وئەقڵگەرایی وئەزموونگەرایی ودەوڵەتی نەتەوەییە. سەرباری غیابی هەموو ئەوانە، هەرگیز دەوڵەت بەبێ کردار لە خەونەوە نابێتە واقیع. تێزەکەی ستالین دەربارەی دەوڵەت زۆر جوانە، کاتێك دەیگوت: "دروستبوونی دەوڵەت پێویستی بە ژێرخانێکی ئابووری بەهێز وزمانێکی یەکگرتوو هەیە." مەخابن هیچیمان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە. جا بۆئەوەی سەوڵ لە دەریای وەهمدا لێنەدەین، باشتر وایە راستگۆترین، کوا مرۆڤی برسی لە چەمکگەلی دەوڵەت وناسیۆنالیزم ودیمۆکراسی تێدەگات. کەوابوو، هەرزەگۆییمە گەر باس لە قۆناغی مۆدێرنە بکەم، چونکە هێشتا مەرگی ئایدیۆلۆژیا وحیکایەتە ئەفسانەییەکانمان نەدیوە.

دوا وتە، ئەوەیە کە بڵێین چەمکی پەسەندکردنی فرەیی وجیاوازییەکان، کە ڕەوشی سەرەکی پۆست مۆدێرنەیە، هەرگیز بوونی نییە ونامۆیە بە کورد، ئیتر چۆن وڵاتمان دەبێتە لانکی ئەقلانیەت وئاشتی ویەکسانی وهزری مرۆڤدۆست وپلورالیزم؟ ئاخر ناکرێت شۆڕشی سیاسی بەبێ

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦

ژێرخانی شۆڕشی فیکریی بەرپابێ، هەردەم شۆڕشی فیکریی گەرەنتی سەرکەوتنی شۆڕشی سیاسی بووە. هێزگەلی لۆکاڵیی کوردی، پێناچێت باوەڕی بە لۆژیکی ئەم هەقیقەتە ڕەهایە هەبێ، کە بیرۆکەی سەرفرازیی گەلی کورد مسۆگەر دەکات. مەخابن، مێژووی شۆڕشگەلی کورد، لە هەناویدا هەڵگری تۆوی ئەم هەڵە کوشندەیەیە، هەربۆیە هەردەم زۆرترین شەهید وکەمترین سەرکردەمان هەبووە. ئەوجا، وێڕای فاکتەری یەکتر قبووڵنەکردن، پێدەچێت کۆتا خەباتمان بە بێرۆکراسییەتی کوشندە کۆتایی هاتبێت. کەواتە، لینین وتەنی: "چی بکەین" [1] باشە؟ بە بڕوای من، لەبری فەلسەفەی پەرتەوازەبوون، یەکەمین هەنگاو، با شۆڕشی فیکریی وڕۆشنبیریی یەکتر قبووڵکردنبێ.

## ئە نجامگیری:

ڕۆژنامەوانێك، پرسیاری لە دیکتاتۆری ئیسپانی (فرانکۆ) کردبوو: دیکتاتۆریەت چییە؟

لە وەلآمدا، فرانکۆ وتبووی: ئەوەیە کە وا لە بیرمەندان وڕۆشنبیران بکەی، بێدەنگ بن

پاش ئەوەی، چەمك ومانای ڕۆشنبیر وڕۆشنبیریمان گەنگەشە کرد، ئیدی بەو ڕاستییە گەیشتین کە یەکێك لە کۆڵەکە پێویست ومانادارەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ، بوونی تاکی ڕۆشنبیر بە ڕۆشنبیری نوێیە. لەبەرئەوەی، چەندایەتی بیرووناك، چۆنایەتی دروستیی ئەو کۆمەڵگایە دەخاتە ڕوو. بەلآم، پێویستە دەسەلآتیش هاوکار ویارمەتیدەربێ لە پێناو مسۆگەرکردنی ڕۆشنبیرییەکی ڕۆشنگەردا. لە ڕاستیدا، هیچ دەسەلآتێك نییە بەبێ ڕۆشنبیری، هەروەك چۆن هیچ ڕۆشنبیرییەکیش نییە ڕوویەکی دەسەلآتی نەبێ. واتە، باشتر وایە دەسەلآت ڕۆشنبیرییەکی سەردەمیانە شەن وکەو بکات. هەربۆیە، گرامشی دەیگوت: هەژموون بەسەر ڕۆشنبیریدا، ئامڕازێکە بۆ مانەوە لە دەسەلآتدا، ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئەمڕۆ، لە ولآتانی پێشکەوتوو ودیمۆکراتخوازدا، ڕۆشنبیر پێگەیەکی بە ئەرزش وبە بڕشتی هەیە. ئەوە چینی ڕۆشنبیرە، لە ڕێی شۆڕشی ڕۆشنبیری جوداخواز وگومانگەراوە کە شۆڕبووەتەوە

[1] فلاديمير لينين: ما العمل؟ المسائل الملحة لحركتنا، المكتبة الاشتراكية– القاهرة، ٤/ آذار/ ٢٠١٢، ص ٥٥

بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، توانیویەتی ڕامی دەسەڵات بکات. هەربۆیە، دەسەڵات، مۆرکێکی ڕەوایی ولیبراڵی وەرگرتووە. ئەوانن ناهێڵن دەسەڵات، فرانکۆ ئاسا، بیرمەندان بێدەنگ بکات، بۆیە یەکەی سیاسییان تا ڕادەیەکی زۆر، وێنەیەکی جوانی دەسەڵاتی سیاسی بە جیهانی دەرەوە بەخشیوە. لەوان بترازێ، زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێ، بە کۆمەڵگای خۆشمانەوە، هەرگیز ناتوانن یان نایانەوێ وێنەیەکی جوانی حوکمڕانی پێشکەش بکەن. وەڵام، زۆر سادە وساکارە، لەبەرئەوەی نە دەسەڵات هێندە ڕەوایە نە ڕەعیەتیش هێندە وشیارن. لەبری ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆشنبیری نەریتیی لە برەودایە، ڕیفۆرمی ئایینیی کوفر وچەوتبینییە، شۆڕشی فیکریی خەونێکی قێزەونە، لەبەرئەوەیە کە جەماوەربوون سیمای گەلەکۆمەڵگایەکی نێرینەی پەسیڤە. وەلێ، لە کۆمەڵگای جەماوەریشدا، هەردەم سەرکردەی پۆپۆلیست نەك دیمۆکراتخواز، سەرهەڵدێنێ.

کەواتە، ڕۆشنبیری نەریتیی موقەددەس، گرنگترین دەستاوێژە کە لە ڕێیەوە دەسەڵات ڕامی ڕەعیەت بکات، بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتووەوە کە هاووڵاتی ڕۆشنبیر ڕامی دەسەڵاتی سیاسی کردووە. دیارە، مەبەستمە بڵێم، ئەرکە لەسەر ڕۆشنبیرانی کورد، بە ئامڕازگەلی شۆڕشێکی فیکریی، بژار وپاچەکۆڵە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری فەرهەنگیی هەرێمدا بکەن، لەبۆ چنینەوەی بەرهەمی درەختی دەسەڵاتی ڕەوا، کە لەسەر لقوپۆپەکانی، هاووڵاتی ڕۆشنبیر موتوربە کرابێ.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان


١. ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧

٢. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١١

٣. ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بلاۆکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥

٤. ئەسعەد موفەڕیج: سیاسەت لە نێوان بیر وجێبەجێکردندا، و: مزەفەر عەبدولوەهاب، لە بلاۆکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١

٥. برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادپ)- بەغدا، ١٩٨٤

٦. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لە سویدییەوە عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بلاۆکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

٧. برتراند ڕسلّ: دەسەلاّت وتاك، و: ئەژین عبدالخالق، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی ڕێبین- هەولێر، ٢٠٠٦

٨. بێرتراند راسێل: دەسەلاّت، شیکردنەوەیەکی کۆمەلاّیەتی تازە، و: سیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، لە بلاۆکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠١١

٩. بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو: و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاۆکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١

١٠. تۆماس هاممارباری: عەدالەتی کۆمەڵایەتی، و: عوسمان ئیسماعیلی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە– هەولێر، ٢٠٠٨

١١. جیۆفەر ڕۆبێرتس، ئەلیستەیر ئێدواردس: فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری، و: محەمەد چیا، زنجیرەی (١٠٠) کتێبی کوردی، (٤١)، ٢٠٠٣

١٢. چەند وێستگەیەکی فیکری وئەدەبی: و: ئازاد بەرزنجی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٨

١٣. چەند نووسەرێك: چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، و: ڕێبین هەردی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٨

١٤. حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩

١٥. ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٠

١٦. ڕاڵف دارن دۆرف: قەیرانەکانی دیمۆکراسی، و: ئیسماعیل حەمە ئەمین، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٨

١٧. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٤

١٨. د. زەکەریا ئیبراهیم: کێشەی ئازادی سیاسی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١١

١٩. دەیڤد میلەر: فەلسەفەی سیاسی، ناساندنێکی زۆر کورت، و: کارزان کاوسێن، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١

٢٠. د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی– سایمانی، ٢٠٠٥

٢١. فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٨

٢٢. فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦
٢٣. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپ وبلأوکردنەوەی ڕەنج، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧
٢٤. د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلأوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٥
٢٥. لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، چاپی یەکەم، لە بلأوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلأت، چاپخانەی ڕۆژهەلأت- هەولێر، ٢٠٠٧
٢٦. مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانە- تاران، ٢٠١٦
٢٧. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بلأوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ئەمستردام، بەهاری ٢٠٠٢
٢٨. د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٠
٢٩. محەممەد چیا: فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری، زنجیرەی (١٠٠) کتێبی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری- سلێمانی، ٢٠٠٣
٣٠. ن. رامین جەهانبەگلو: دەسەلأت و ئازادی، و: عەتا جەمالی، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلأحەددین و دەزگای موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٩
٣١. نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان- سلێمانی، ٢٠٠٤
٣٢. هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلأوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥
٣٣. هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٥
٣٤. هاشم سالْح: ئایین وعەلمانییەت وکۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلأوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١

## سەرچاوە عەرەبییەکان


١. د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩

٢. احسان عبدالهادي النائب: توماس هوبز وفلسفته السياسية، الطبعة الاولى، من منشورات مكتب الفكر والتوعيه للاتحاد الوطني الكردستاني- السليمانية، ٢٠١٢

٣. أحمد ظاهر: دراسات في الفلسفة السياسية، ١٩٨٧، لاتوجد بيانات حول مصدر الطباعة

٤. ت. س. اليوت: ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ت: شكري عياد، الطبعة الاولى، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة دار التنوير- القاهرة، بيروت، تونس، ٢٠١٤

٥. حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، الطبعة الاولى، دار الساقي- بيروت، لبنان، ٢٠١٢

٦. ديفيد انغليز، جون هيوسون: مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة، ت: لما نصير، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات- بيروت، آذار / مارس ٢٠١٣

٧. دنيس كوش: مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ت: د. منير السعيداني، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة- بيروت، آذار ٢٠٠٧

٨. زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر و الوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر- السليمانية، ٢٠٠٩

٩. عبدالرحمن كريم درويش: الديمقراطية، دراسة فكرية سياسية، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠١٢

١٠. عبد العزيز العيادي: ميشال فوكو، المعرفة والسلطة، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت، لبنان، ١٩٩٤

١١. عزمي بشارة: عن المثقف والثورة، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات- الدوحة، قطر، مايو ٢٠١٣

١٢. كراسات السجن لانطونيو غرامشي: القسم الثاني، ملاحظات حول السياسة، ت: عادل غنيم، دار المستقبل العربي- لندن، ١٩٧٨

١٣. كراسات السجن لانطونيو غرامشي، القسم الثالث: فلسفة الممارسة، ت: عادل غنيم، دار المستقبل العربي- لندن، ١٩٧٨

١٤. ميشال فوكو: تاريخ الجنسانية، ارادة العرفان، ت: محمد هشام، مطابع افريقيا الشرق- دار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٤

١٥. ميشيل فوكو: تاريخ الجنون في العصر الكلاسيكي، ت: سعيد بنطراد، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي- دار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٦

١٦. ميشيل فوكو: المراقبة والمعاقبة، ولادة السجن، ت: د. علي مقلد، مركز الانماء القومي- بيروت، لبنان، ١٩٩٠

١٧. ماكس فيبر: العلم والسياسة بوصفهما حرفة، ت: جورج كتورة، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة- بيروت، لبنان، تموز ٢٠١١

١٨. فلاديمير لينين: ما العمل؟ المسائل الملحة لحركتنا، المكتبة الاشتراكية- القاهرة، ٤/ آذار/ ٢٠١٢

## گۆڤارەکان


١. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆریی کولتوورییە، ژمارە (١)، ئەندێشە بۆ چاپ وبلأوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٠

٢. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆریی کولتوورییە، ژمارە (٢)، ئەندێشە بۆ چاپ وبلأوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠١٠

٣. ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٥)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی باسە– سلێمانی، هاوینی ٢٠١٢

٤. ڕێبازی نوێ: گۆڤاری فکری نوێ لە سەردەمێکی نوێدا، ژمارە (٥٦)، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، پاییزی ٢٠١٢

٥. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٨)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٠

٦. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (٩)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١٠

٧. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١١)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠١١

٨. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٥)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، نیسانی ٢٠١٢

٩. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٧)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی دلێر– سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٢

١٠. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٨)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی دلێر– سلێمانی، ئازاری ٢٠١٣

## ماڵپەڕەکان


١. ئازادی: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٢٩/ تەمموز/ ٢٠١٦، ckb.wikipedia.org

٢. ابراهيم الحيدري: ادورنو وتصنيع الثقافة، جريدة المدى، ١٤/ ١٢/ ٢٠١٣، almadapaper.net

٣. السياسة كمهنة: مغرس، محرك بحث اخباري، ٢/ ١/ ٢٠١٦، www.maghress.com

٤. تعريف الثقافة لغة واصلاحا: رانيا سنجق، موقع موضوع كوم، ٥/ يناير/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

٥. جميل حمداوي: جدلية المثقف والسلطة، ديوان العرب، منبر حر للثقافة والفكر والادب، كانون الثاني ٢٠٠٧، www.diwanalarab.com

٦. حسين يوسف بوكبر: مفهوم المجتمع المدنيعند ميشيل فوكو، تبين، دراسات وابحاث، العدد ١٨، خريف ٢٠١٦، ص ٢، www.dohainstitute.org

٧. زيد طوغلي: العلاقة بين المثقف والسلطة، مدونات الجزيرة، ١٣/ ١/ ٢٠١٧، blogs.aljazeera.net

٨. سمير فريد: المثقف المهني والمثقف العضوي، مؤسسة المصري اليوم، ٢٢/ ٧/ ٢٠١٣، www.almasryalyoum.com

٩. سمير بلكيف: مقال، ماذا يعني ان يكون الانسان مواطنا؟، موقع الحوار، ٢٠١٦، elhiwardz.com

١٠. فلاديمير لينين: ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٥/ ٤/ ٢٠١٧، ar.wikipedia.org

١١. فضل سليمان: هل انت مثقف،هل لك دور؟، أمد للاعلام، ٣٠/ ٨/ ٢٠١٦، www.amad.ps

١٢. عباس النوري: تعريف المثقف والثقافة، مؤسسة النور، ٢٠/١١/٢٠٠٧، www.alnoor.se

١٣. عبدالرحمن العكيمي: مثقفون يطالبون بتفكيك خطاب المتشدد بالادب المتسامح، صحيفة عكاظ، ١/ ابريل/ ٢٠١٧، okaz.com.sa

١٤. علي حسين عبيد: المثقف واحترام الحرية، قناة الاتجاه الفضائية، ٩/ ٤/ ٢٠١٤، aletejahtv.org

١٥. مفهوم الثقافة ومن هو المثقف؟ منتديات قصيمي نت، ١٧/ ٥/ ٢٠٠٦، www.qassimy.com

١٦. مثقف: ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠١٦، www. arz.wikipedia.org

١٧. مارك مجدي: أنطونيو غرامشي، المثقف العضوي، موقع اليسار اليوم، ٩/ يونيو/ ٢٠١٦، www. alyasarelyoum.com

١٨. محسن البلاسي: من هو المثقف العضوي، مركز آفاق اشتراكية- القاهرة، ٣/ ٢/ ٢٠١٥، www. afaqeg .com

١٩. محاضرات في علم الاجتماع- ثيودور فون ادورنو، ت: جورج كتورة، منتدى مكتبة الاسكندرية، ٦/ ٣/ ٢٠١١، alexandra.ahlamontada.com
٢٠. ما بعد الحداثة: فلسفة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٢٠٠٨، ar.wikipedia.org
٢١. مصطفى العوزي: مفهوم المثقف من البناء الى التطور التاريخي، مكتبة ثقافات، ٢٠١٧، thaqafat.com
٢٢. هوية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، مارس/ ٢٠١٦، ar.wikipedia.org